كۆنگرەی بزووتنەوەی كۆنەپەرستی ئیسلامی، ئەگەرێك بۆ ئایندە
ل٢

# ئۆكتۆبەر
October

كۆمەڵگای ئیسلامی بەرگەی دوو زنجیرەی تر ناگرن!
ل٣

بڵاوكراوەیەكی سیاسییە، حزبی كۆمۆنیستی كرێكاریی كوردستان دەریدەكات | ژمارە(١٠). ١٥ی ئابی ٢٠٠٨ | مانگی دووجار، لە (١)و(١٥)ی هەموو مانگێكدا دەردەچێت | No.(10) 15th Aug.2008

# هەڕەشەیەك كە ئێستا لەژێر ناوی وەستانەوە بە دژی بڕیاری ١٤٠ دا هەیە، هەڕەشەیە لەخەڵكی كوردستان و ئایندە سیاسیەكەی

لەكەس شاراوە نییە، لەدوای كەوتنی بەعس لە دەسەڵاتدا. ئەمریكا بەپشت بەستن بەحزب و هێزەسیاسیەكانی عێراق، لەهەوڵی ئەوەدایە عیراق لەسەر بنەمای فدراڵی بنیات بنێتەوە.
سەرجەم هێزو لایەنە سیاسیەكانی عێراقیش بەمەبەستی سەهمی زۆرتر لە دەسەڵاتدا، چەندین ئیئتلاف و بەرەیان پێكهێنا. پێكهاتەی ئەم بەرەو ئیئتلافانەش مەبناكەی، قەمچێتی، مەزهەبی، تایفی بوو.
دیارە ئەم بەرەو ئیئتلافانە لەكاتی كەوتنی بەعسەوە تا ئێستا، ئاڵوگۆڕیان بەسەردا هاتووە، هاوسەنگی هێزیان گۆڕاوە، هێزی تری پێ زیادبووە. هەموو ئەم ئاڵوگۆڕانەو زیادبوونی هێزی تر پێی ئاڵوگۆڕی بەسەر تەركیبی هاوپەیمانیەتیەكانیدا هێناوە.
ئێمە لە عێراقدا لەگەڵ سێ بەرەی سەرەكی بەرەو ڕووبووین، بەرەی ئیسلامی سیاسی" شیعە" كە ئێران لەپشتیانە، بەرەی هاوپەیمانیەتی كوردستان كە زۆرتر یەكێتی و پارتین، بەرەی ئیسلامی سیاسی"سوننە" كە ئەمەیان هاوكات پاشماوەكانی بەعسیش دەگرێتەوە، ولاتانی عەرەب بەگشتی لەگەڵیانە.
دووبەرەی ئیسلامی سیاسی شیعی و ناسیونالیزمی كورد، لەسەرەتای كەوتنی بەعسەوە تا راپۆرتی بیكەر هاملتۆنیش دووبەرەی بەهێز و كارا بوون، بەڵام ناكامی ئەمریكاو ئەم دووبەرەیە لە پێكهێنانەوەی عێراقدا، ئەمریكای خستە بەردەم چاوپێداخشاندنەوەیەكی نوێ، راپۆرتی بیكەر هاملتۆن ئەم ڕوانینە و بەرهەمی ئەو چاوپێداخشاندنەوەیە بوو. لەوكاتە بەدواوە بە پێچەوانەی فریوكاری هەندی لایەن و نووسەرو سیاسی گەمژە، ڕاپۆرتی بیكەر هاملتۆن بووە مەبنای سیاسەتی ئەمریكا. جێگادان بەنەخشی وڵاتانی ناوچەكە، كارئاسانیكردن بۆ گێڕانەوەی بەعسیەكان و هاوكاریكردنی ناسیونالیزمی سونە بە ئیسلامی و قەومیەكەیەوە، و پاشان پێكهێنانی هێزەكانی سەحووە، هەڵپەساردن و دواخستنی كێشەی كەركوك... هەموویان لە راپۆرتی بیكەر هاملتۆندا بە ڕۆشنی هاتوون.
ئەم ئاڵوگۆڕە لە نەخشەی ئەمریكادا و بەدەستەوەگرتنی راپۆرتی بیكەر هاملتۆن، مەبنای تێكچوون یان ئاڵوگۆری لە بەرەو هاوپەیمانیەتیەكاندا پێكهێنا.
زۆرێك لە بەرەو ئیئتلافەكان شێوان، توشی پارچەپارچەبوون بوون، هەڵوێستیان گۆڕا. بەمەش باڵانسی هەر سێ بەرە سەرەكیەكەی عێراق ئاڵوگۆڕی بەسەردا هات.
ئێستا بەرەی شیعەكان زۆر لەچاو ئەوكاتەی كە هەڵبژاردن كرا! و دەستور پەسەندكرا! لاوازترو پەرتەوازەترە. حزبە ئیسلامی و سونیەكان و پاشماوەكانی بەعس لەچاو كاتی كەوتنی بەعسدا لەهێزو توانایەكی بەهێزتر بەهرەمەندن و هێزەكانی سەحوە لەسەراسەری عێراقدا بڵاوبونەتەوەو ئەوا ئێستاش ڕێگە كراوەتەوە بۆ گێڕانەوەی هەزاران پلەدارو ئەفسەری پێشووی بەعس بۆناو سوپای عێراق،

بۆ ل٢

## سەدەی بیست و یەكەو گرانەتا خەڵك دەكوژێت!

جارێكی تر و ئەمساڵیش خەڵكی كوردستان لە پاڵ گرانەتای دەسەڵاتی كوردیدا، نەخۆشی گرانەتا و كولێراو...تاد، یەخەیان دەگرێت. بە پێی ڕاگەیاندنەكان و وتەی لێپرسراوانی دەزگا تەندروستیەكانی كوردستان، جارێكی تر پەتای نەخۆشی گرانەتا بە شێوەیەكی فراوان بڵاوبۆتەوەو بە هەزاران حاڵەت لە خەستەخانەكان و بنكە تەندروسیتیەكان تۆمار كراون و ئاماژە بەمردنی چەند كەسێكیش دەكرێت.
ئەمساڵیش وەكو ساڵانی ڕابردوو هۆكاری ئەم نەخۆشیە بۆ وشكەساڵی و ئاوی پیسی خواردنەوەو موادی ئێكسپایەر دەگێڕنەوە، پرسیار ئەوەیە تاكەی خەڵك بەدەست بێئاوی و موادی ئیكسپایەرو ووشكە ساڵیەوە دەبنە قوربانی؟ حیكمەتی ووتنەوەی ئەوەی كە وشكە ساڵییە، ئاوی خواردنەوەی پاك نییە، موادی ئیكسپایەرو خواردەمەنی ناتەندروست هەیە...تاد، مایەی شەرم و نییە بۆ دەسەڵاتێك چەندین ساڵ ئەم قاوانە لێبداتەو بە ملیونەها دۆلارو ئیمكانیەتی كۆنترۆڵی ئەم حاڵەتانەی هەبێت؟ خەڵكی كوردستان حەقیان نییە بێنە سەجادەو بڵێن دەسەڵاتی گرانەتاو بێئاوی و خوراك هێنی ئیكسپایەر...تاد، بڕۆن و دەست لەیەخەمان بكەنەوە.

## ئامارە سەرسوڕهێنو ترسێنەرەكانی كوشتنی ژنان

بەپێی ئەو ئامارانەی كە دەست ئۆكتۆبەر كەوتووە، تەنها لە مانگ و نیوی رابووردودا و بەتەنها لە سنووری پارێزگای هەولێردا ٢٣٦ژن و كچ سوتێنراون یان بەر گوللە دراون یان لە تاو دۆزەخی پیاوسالاری و كۆنەپەرستی و ناموسپەرستی خۆیان سوتاندووە. لەم ژمارەیە ٧٩كەسیان بە هۆی سوتاندن یان خۆسوتاندنەوە گیانیان لە دەست داوە، هەروەها ١٠كەسیشیان بە گوللە كوژراون. وە لە ناو كوژراوەكاندا ٤یان لە خوار تەمەنی ١٦ ساڵیەوەن. ١١٩ كەس لە سوتاوو سوتێنراوەكان و ٢٨كەسی تریان كە بە گوللە بریندار كراون ئێستا لە نەخۆشخانەكاندان.
ووردبوونەوە لەم ئامارانە ئەو وەزعیتە تراژیدیە نیشاندەدات كە ژنان لە كوردستان ڕۆژانە ڕوو بە ڕووی دەبنەوە. ئەگەر بە ووردی و درووستی ئاماری كوشتنی ژنان لە سەرتاسەری كوردستان كۆبكرینەوە، ئەوا نیشادەری ئەوە دەبێت كە لە كوردستان لەژێر سایەی "حكومەتی كوردی"و بەبەر چاوی "حكومەتی كوردی"یەوە ژنان جینۆسایدو ئەنفال دەكرێن. شایەنی باسە كەمترین حاڵەتی دادگایی كردن، یان سزادانی بكوژانی ژنان ئەبیستین. ئەوە چجای ئەوەی كە زۆرێك لەبكوژەكانیش بەبەرچاوی خەڵكەوە ئەسوڕێنەوەو كەس ناتوانێت پێیان بڵێت پشتی چاوتان برۆیە.

## دوو فەتوای سەیر

سەرەتای ئەم مانگە، لەوڵاتی سعودیە دووفتەوا دەكرا، یەكێكیان لەلایەن لیژنەی (الامر بالمعروف و النهی عن المنكر) سەبارەت بە قەدەغەكردنی بەخێوكردنی سەگو پشیلە لەناو ماڵاندا، بەیانوی ئەوەی كە ئەو دوو ئاژەڵە شەریعەت نەفرەتی لێكردوون‌و هاوكات هۆكاری بڵاوبوونەوەی نەخۆشین!! ئەمە لەكاتێكدایە كە زۆرێك لەخەڵكی ڕۆژئاوا بەشێكی ژیانیانی ڕۆژانەیان بە بەخێوكردنی سەگو پشیلە بەسەر ئەبەن‌و تائێستاش لەهیچ كەناڵێك‌و دەزگایەكەوە نەمانبیست كە ئەو سەگو پشیلانە هۆكاری بڵاوبوونەوەی نەخۆشین. فەتوای دووەمیش لەلایەن موفتی سعویەوە دەركرا كە سەبارەت بە حەرامكردنی زنجیرە دۆبلاژكراوی (نور) كە لەتوركیەوە دۆبلاژكراوەو بۆ زمانی عەرەبی‌و لە كەناڵی Mbc٤ ەوە ڕۆژانە پەخش ئەكرێت، پاساوی ئەم موفتیەش بۆ حەرامكردنی تەماشاكردنی ئەو ئەڵقەیە ئەوەیە كە مەشهەدی ئیباحی لێدەدات‌و لەگەڵ داب‌ونەریتی خەڵكدا نایەتەوە، هەرەچەندە لەپەنا گوێی ئەو موفتیەو بەبەرچاوی خۆیەوە، هەموو گروپەكانی Mbc‌و ڕۆتاناو چەند كەناڵێكیتر كە بەپارەوپولی سعودیە بەڕێوەئەچن، دەیان كلیپ بۆ گۆرانی كراوەو بەكاڵاكردنی ئافرەتان بۆ چێژی سێكسی بەزەقی تیایاندا دیارە، بەڵام بەوپێیەی كە ئەو كلیپانە لەلایەن ئەمیرەكانی سعودیەو خاوەنانی ئەو كەناڵانەوە بەرهەم هێنراون، ئەم موفتیە قسیەكی نیە، چونكە ئەگەر ووتەیەكی لێوە بێت دەرگای پارەپول هەڵرشتن لەسەر خۆی دائەخات. بەڵام تەحەمولی ماچێكی (موهەند) ناكات.
بەڕاستی كاتێك وێنەكەی موفتی ئەبینین بیر لەوە ئەكەیتنەوە كە هەقە موفتی فەتوایەكیش سەبارەت بەپاكوخاوێنی‌و ددان شتنی بەر لە نوستن دەربكات. چونكە ئەمەیان باشترە بۆئەو ئەگەر بزانێت.





موفتی سعودیە

## ١٥ پەنابەری كورد دژ بە بڕیاری ناردنەوەیانماندەگرن

فازل عبدول ئەندامی فیدراسیۆن لە گرتووخانەی دەستبەسەری كامسفیلد هاوسەوە لە شاری ئۆكسفۆرد بەسكرتارێتی فیدراسیۆنی ڕاگەیاند لە ڕۆژی ٨-٨ وە ١٥ پەنابەری كورد لەو گرتووخانەیەوە لە خواردن مان دەگرن لە بەرامبەر خراپی مامەڵەی ئەو گرتووخانەیە بەرامبەر بە پەنابەران و دژ بە بڕیاری دیپۆرتكردنەوەیان بۆ كوردستان.
فازل لە پەیوەندیەكی تەلەفونیدا بەسكرتێری فیدراسیۆنی راگەیاند" لەم دوو ڕۆژەدا نزیك بە ١٠ پەنابەری دیكەی ئەفغانی وكۆنگۆ وسۆماڵی بە ریزەكانی ئێمەوە پەیوەست بوون بەڵام تا ئێستا كاربەدەستانی دەوڵەت هیچ وەڵامان نادەنەوە"
هەروەها وتی ئێمە داواكارین فیدراسیۆن دەنگمان بگەیەنێت بە تەواوی خەڵكی كوردستان ڕێكخراوە لایەنەكان پشتیوانیمان بكەن"
بۆ زانیاری زیاتر دەتوانن پەیوەندی بكەن بە فازل عوسمان لە گرتووخانەی كامسفیلد هاوس بە ژمارەی: ٠٧٧٤٣٦٩٧٩٩٣

## حسین عەلی قوربانیەكی تری سیاسەتی وڵاتانی ئەوروپا و حكومەتی هەرێمی كوردستان

بەپێ ئەو هەواڵانەی لە ریگای فیدراسیۆنەوە پیمان گەیشتووە، حسین عەلی تەمەن ٣٥ ساڵ دوای شەش ساڵ ژیان بەسەربردن لە ووڵاتی بەریتانیا وە بە هۆی نەدانی ماف پەنابەری لەلایەن حكومەتی بەریتانیاوە دەستگیر دەكرێت و راپیچی گرتووخانەی دەستبە سەری ئۆكنتن دەكرێت لە شاری كامبریج و لەگەڵ ژمارەیەكی دیكە لە پەنابەرانی كورد نزیك بە ٥٠ ڕۆژ زیندانی دەكریت. پاشان بە پێچەوانەی خواستی خۆی رۆژی ٧-٨ لە لەندەنەوە دیپۆرتی فرۆكەخانەی نیودەوڵەتی هەولێر دەكرێت.
پاش دوو رۆژ دیپۆرتكردنەوەی لەشاری سلێمانی خۆی دەكوژێت.
حسین عەلی وەك هەر لاوێكی دیكە كوردستان بەتین و هەڵگری ئاسۆ و ئۆمید ئینسانیەوە كاتێك ڕێگایەك بۆ بەدیهێنانی ئارەزوو ماف و ئازادیەكانی نابینێتەوە دوای ڕووبەڕووبوونەوەو چەرمەسەریەكی زۆر ڕوو دەكاتە هاندەران لەوێش ڕووبەرووی هێرشی سیاسەتی نائینسانی ووڵاتە ئەوروپیەكان دەبێتەوە لەپێناو سود پەرستی و دانانی بەرژەوەندی سیاسی و ئابووری پێش بەها ئینسانیەكان.
بەڵام ئەگەر سەرێكی سیاسەتی دیپۆرتكردنەوەی پەنابەرانی كورد ناوەرۆكی سیاسەتی راسیستی ئەم دەوڵەتانە لەبەرامبەر خەڵكی پەنابەردا بسەلمێنێت ئەوا بێ شك سەرێكی تری ئەم كارەساتانەی بەرەو ڕووی لاوانی كوردستان دەبێتەوە لە ئەستۆی حكومەتی هەرێمی كوردستانە.
ئێمە وەك حزبی كۆمۆنیستی كریكاری كوردستان پرسەو سەرەخۆشی خۆمان ئاراستەی كەسوكاری حسین عەلی و هاورێكانی دەكەین هاوكات حكومەتی بەریتانیاو حكومەتی هەرێمی كوردستان بەرپرسیار دەكەین لەم تاوانە.

## لە ڕانیە ئاسایشێك پۆلیسێك گوللەباران دەكات‌و ژنەكەخۆیشی بریندار ئەكات

شەوی ٩/١٠ی ئەم مانگە لە گەڕەكی مامۆستایانی ڕانیە، ژنێكی تەمەن ٢٩ ساڵ بە ناوی ( ح. م. ح. ) كوڕێكی تەمەن ٣٠ ساڵ بە ناوی ( أ. م. ح. ) كە پۆلیسی چالاكیە مەدەنیەكانە، كاتێك لەماڵی ژنەكە پێكەوە ئەبن لە لایەن مێردی ژنەكەوە كە كارمەندی ئاسایشە و ناوی ( ك. س. ف. ر.) دەدرێنە بەر دەسرێژی گوللە و لە ئاكامدا كوڕەكە دەكوژرێت و ژنەكەیش بە سەختی بریندار دەبێت. پاشان تاوانبارەكە لاشەی كوڕە كوژراوەكە دەداتە بەر شەكرشكێن و بە شێوەیەكی زۆر درندانە ٧٠-٨٠ شەكرشكێنی لێدەدات وڵاشەكەی دەیشێوێنێت.
ئێستا ئاسایشەكە بە پێی مادەكانی ٤٠٦ و ٤٠٩ ی یاسای سزادانی عێراقی دەستگیر كراوەو ژنەكەیش لە نەخوشخانەیە.

تەنگژەی نێوان هەولێرو بەغدا: كێشەی كەركوك و مادەی ١٤٠ و یاسای ٢٤، ئاڵوسكاوی ناوچە سنوریەكان، ئایندەی كێشەكان، ڕێگاچارەیەكی تر، گفتوگۆیەكە لەگەڵ فاتح شێخ و سامان كەریم، دەقی ئەم دیمانەیە هەمەلایەنیە لە لاپەرەكانی ٤ و٥ دەخوێننەوە

## پەیام بۆ کۆنفراسی ساڵانەی ڕێکخراوی کەنەدای حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق :

# حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق، دیاردەیەکی گەورەو ئازیزەو دەبێ بەهێزبکرێ!

هەیئەتێکی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری کوردستان کەپێکهاتبوو لەهاوڕێیان ( نازەنین علی، مامۆستا عومەر و هیوا جەمیل ) ڕۆژی ١٠/١٠/٢٠٠٨ بەشداری کۆنفراسی ساڵانەی ڕێکخراوی کەنەدای حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراقیان کردو هاوڕێ نازەنین علی، پەیامی نوێنەرایەتی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری کوردستانی خوێندەوە

پەیام بۆ کۆنفراسی ساڵانەی ڕێکخراوی کەنەدای حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق :

حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق، دیاردەیەکی گەورەو ئازیزەو دەبێ بەهێزبکرێ!

حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق، تا ئێستا تاکە هێزە کەمژدەو ڕێگاچارەیەکی ئینسانی و پێشکەوتوی لەدەستوردایەو بەرنامەیەکی سیاسی پێ یە بۆ دەرکێشانی کۆمەڵگای عێراق لەسەرگەردانی و چارەنوسێکی ڕەشتر بەدەست سیاسەتی ئەمریکاو ئەحزابی ڕەنگاورەنگی بۆرژوا قەومی و ئیسلامی عەرەب و کوردەوە.

ڕاستە لەهەلومەرجی ئاڵوگۆڕی دەیەی ڕابردوودا حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق نەیتوانی ببێتە ئەو هێزەئاڵوگۆربەخشە کەکۆمەڵگای عیراق لەو سەرگەردانیە دەرکێشێ بەڵام واقیعەتی کۆمەڵگا ئەو زەرووڕەتە دەسەلمێنێ کە ئەم هێزە واتە ( حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق ) دەتوانێ ئەو ئەرکە جێبەجێ بکات.

حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق بەهەموو زوعفەکانیەوە مۆری خۆی و زەرورەتی خۆی لەکۆمەڵگای عیراق داوە لە دیفاعی لەعەلمانی بوون و غەیرە قەومی و دینی بوونی کۆمەڵگا و تەرحی ڕێگا چارەسەری کێشەی کوردستان و دیفاع لەژنان و منالان...

بەم هۆیەوە ئەم حزبە زۆر گەورەو عەزیمە و ڕێگا هەر ئەوەیە کە دەستی پێوە بگیرێ و بەهێزبکرێت.

بەهیوای ئەوەی کۆمیتەی داهاتوو لەم ڕێگایەدا ئەوکارە بکات.

نوێنەرایەتی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری کوردستان لە کەنەدا
١٠/١٠/٢٠٠٨

# پاشماوەی سەرووتار.................

بەرەی ناسیونالیزمی کوردیش کە هاوپەیمانی شیعەی سیاسی لەعیراق بوو، بە تێکچوونی ئیئتیلافی شیعە، لەئاستی سەراسەریدا لە پشتیوانییەکی کەمتر بەهرەمەندە، و ئەمەش وایکردوە کە ناسیونالیزمی کورد هەست بە لاوازیەکی زیاتر بکات و دوژمنەکانیشی زیاتر بن. ئەمە بەجیا لەوەی ناسیونالیزمی کورد یەکێتی و پارتی لەسەر هێزەکانی سەحوە کە ڕوپۆشێکی هێزگرتنەوەی بەعسە، تیروانینیان جیاوازە.

تێکچوونی باڵانسی هێزو بەرەو هاوپەیمانیەتیەکان، مەبنای چاوخشاندنەوەیە بەهەموو مەسەلە سیاسیە حەساس وچارەنووسازەکاندا، بەتایبەت لەلایەن ئەم هێزانەوە کە باڵانسی هێز بە قازانجیانە. هەر ئەم فاکتەرە تازەیەشە مەبنای سەهەڵدانی دەیان کێشەو تەنگژەی تازەی یەك لەدوای یەکە.

عێراق مەبنای فدرالیزەکردنی حوکمەکەی بە ئیتفاقە. ئیتیفاق یانی هەموو ڕۆژە ئەگەری تێکچوونی هەیە. تەنگژەی ئێستای عیراق، بەجیا لە ناکامی ئەمریکا لە عیراق و ناوچەکەدا، هاوکات ئاکامی تێکچوونی ئەم ڕێکەوتنامە ئیتفاقیانەیە. ئەو ئیتفاقانەی کە هێزەکان و بزوتنەوەکان لەگەڵ یەکتر هەیانە زۆرتر لە ئاگربەست دەچێت، تا ڕێکەوتنامەی سیاسی کە پشتی بە تەعوداتی سیاسی بەستبێت.

تەنگژەو ئاڵۆسکاویە سیاسیەکان لەسەر دەستورو هەموارکردنی، دابەشکردنی سامانە سروشتیەکان، یاسای نەوت و غاز، بودجە، پێشمەرگە، فدرالیزم، کێشەی کەرکوك، سنور، پۆست ئیداری و حکومیەکان، هەڵبژاردن و ئامار، ..... ئەو مەسەلانەن کە هەمیشە لەبەردەم هێزو لایەنەکانی عێراق و بەرەو هاوپەیمانیەتیەکان و ئەمریکادان.

بزوتنەوە کۆمەڵایەتیە لەیەك جیاوازەکان، ئەگەر لەسەر هەرکام لەومەسەلانەی سەرەوە بەپێی هێزی ئێستایان ڕێکەوتنامەیەکیشیان کردبێت، لەبەرامبەر کێشە سەرەکی و بناغەیەکان، کێشە مێژووی و کێشمەکێشە درێژخایەنەکان، بەرامبەر بەیەك وەستاون.

کێشەی کەرکوك و ناوچە دابڕاوەکان، ڕیشەی لەو کێشمەکێشە مێژووی و درێژخایەنەی دووبزوتنەوەی سیاسی جیاوازدایە، بزوتنەوەی ناسیونالیزمی عەرەب بە ئیسلامی کەیەوە، بە شیعەو سونیەوە، لەگەڵ بزوتنەوەی ناسیونالیزمی کورد لە لایەکی ترەوە.

کەرکوك سەتنیز و مەیدانی بەیەکدادانی ئەم بزوتنەوانەیە، بۆ کێشمەکێش و برانەوە لەسەر هەرکێشەیەکی تری ئێستای کۆمەڵگای عێراق.

ئەو هێزو لایەنانەی کە پێشتر لەئاکامی کەوتنی بەعسدا، لەوانە بەدیاریکراوی ناسیونالیزمی عەرەبی سونەو بەپشتیوانی وڵاتانی عەرەبی و ناسیونالیزمی عەرەب بەگشتی، لەژێر گوشاردابوون، لاوازو پێنەگرتوو بوون، ئێستا لەفەزاو دۆخی داگیرکاری و دەستێوەردانی وڵاتانی ناوچەکەو مێژوویەك کەهەیانە، سەریان بەرزکردۆتەوە، بەسەر بەرزکردنەوەیان و پێگرتنەوەیان، تابلۆی سیاسی عێراقیان گۆڕیووە، و هەڕەشەش لەهەر هێزو لایەنێك دەکەن، کە یەکپارچەیی خاکی عێراق!! لەژێر هەر ناوێکدا بە فدرالیزمیشەوە، بخاتە مەترسیەوە.

هەڕەشەیەك کە ئێستا لەژێر ناوی وەستانەوە بە دژی بڕیاری ١٤٠ دا هەیە، هەڕەشەیە لەخەڵکی کوردستان و ئایندە سیاسیەکەی. هەڕەشەی گێڕانەوەی کوردستانە بە عێراقەوە، هەڕەشەی سەندنەوەی مافی خەڵکی کوردستانە بۆ دیاریکردنی ئایندە سیاسی خۆی بەدەستی خۆی.

یەکێتی و پارتی، وەکو بزوتنەوەی قەومی کورد، لەیەکەم ڕۆژی کەوتنی بەعسەوە، و لە چواچێوەی هەوڵەکانی خۆیاندا لەگەڵ بەشێك لە هاوپەیمانە شیعەکانیاندا" ئیسلامی سیاسی شیعە" بۆ فدرالیزەکردنی دەسەلاتی حوکم لەعێراقدا پێیان وابوو، هەرێمی کوردستان وەکو هەرێمێکی فیدرال جێگیر دەکەن و دەسەلاتی هەمیشەیی خۆیان لەناوچوارچێوەی سیستەمی فیدراڵی عێراقدا درێژە پێدەدەن. ئەمەی ئێستا ڕوودەدات و هەڕەشەیەك کە بەکردەوە دەستی پێکردوەو ڕۆژبەڕۆژیش هێزی بۆکۆدەکرێتەوە، زەنگی ئاشکرای کۆتاییهاتنی مانگی هەنگوینی هاوپەیمانیەتی موزەیەفیان، لێدەدات. ئەم هیوای بە ڕەسمی ناسینی هەرێمی فیدراڵی کوردستانە کۆتایی پێدەهێنێ کە یەکێتی و پارتی دڵیان پێی خۆشکردبوو.

واقعیەت ئەوەیە، ئێستا هەرەشەیەکی واقعی لەسەر خەڵکی کوردستان هەیە، ئەوە کە چەندە یەکێتی و پارتی هۆکارن و بەپرسن لەو واقعیەتە، لەو ڕاستیە کەم ناکاتەوە کە دەبێ خەڵکی کوردستان هوشیار بن، و بانگەوازێکیش بێت بۆ خۆجیاکردنەوەیان لە ئاسۆی حزبەکانی بزوتنەوەی کوردایەتی و گرتنەبەری سیاسەت و ئاسۆو ڕێگاچارەکی تری سوسیالیستی و ئینسانی.

ڕێگاچارەو تابلۆی سیاسی داهاتووی عێراق یەکپارچەیی نییە بە فدرالیزم و بێفدرالیەوە، بەڵکو ئایندەی سیاسی عێراق یان تێکچوونی ئەم یەکپارچەیەو لەواقعیدا بەڕەسمی ناسینی واقعیەتی جیایی ئێستایەتی یان ڕاگرتنیەتی بە یەکپارچەیەیەکی بەزۆرو بێگوێدانە ئیرادەی خەڵکەکەی و کێشمەکیش و ململانێی هەمەجۆری سیاسی وهێز.

لەعێراقی ئێستادا، نە حکومەتێکی سکولارو غەیرە قەومی لەسەر کارەو نەئاسۆی هاتەسەرکاری حکومەتێکی واش لە ئارادایە، بەپێچەوانەوە پێکهاتەی بزوتنەوە سیاسی و چینایەتیەکانی عێراق ناتوانێ سیستەمی فیدراڵیش قبوڵ بکات، هەرئەمەش مەبنای ناکامی فیدرالیزەکردنی حوکمی عێراق بوو، کە چەندین ساڵە بانگەشەی بۆدەکرێت.

خەڵکی کوردستان، ئێستا و داهاتوویان لەبەردەم هەرەشەیەکی واقعیدایە، هەرەشەی بەزۆر کێشکردنەوەی کوردستان بۆ ناو عێراقێك کە دەیانکاتەوە بە پلە دوو، وە مۆرو ناسنامەی عەرەبی بوون ئەدات لە ناوچاوانی دانیشتوانی عێراق، بەمەش لە ئێستاوە زەمینەکانی هەڵاوردن و ژینگەی بەیەکدادان و کێشمەکێشی هەمەلایەنە، سازدەکات. کە باگراوندێکی مێژوویش لە پشتیەتی و برینە سارێژنەبووەکانی تا ئێستا ماون.

بارگرژیەکانی ئێستاو هێزکۆکردنەوەکان لە ناوچەکانی خانەقین و جەلەولاو قەرەتەپەو، هێنانی برگەی ٢٤ لە یاسای هەڵبژاردنی نوێنەرانی پارێزگاکان، کە ٢٢ تەموز لە پەرلەمانی عێراق دەنگی پێدرا، ماف دەدات بەهێزە ناسیونالست و ئیسلامیەکان عیراق تا هێزەکانیان بۆ کۆنترۆڵی شاری کەرکوك و ناوچە دابراوەکان دابسەپێنن. ئەمانە هەموویان سەرەتای هەوڵەکانی بزوتنەوەی قەومی و ئیسلامی عەرەبی عیراقین بۆ نیشاندانی هێز و خۆگرتنەوەو ڕاوەستاویان لەبەرامبەر بەخەڵکی کوردستاندا.

تێکچوونی ئیئتلاف و ئاڵۆسکاویەیەك لەدوای یەکەکان، سەرهەڵدانی تەنگژە جۆراوجۆرەکان لەسەر دەیان و سەدان کێشە لە دۆخی عێراقی ئێستادا، بەرهەمی تێکچوونی ئاگربەستێکی دەورەیی هێزە بەناو دروستکەرەوەکانی عێراقە، کە ناوی تەوافقی سیاسیان بەسەردا بریبوو. لەناو دۆخ و هەلومەرجێکی ئاوادا، و هەڕەشەیەك کە بە بنیاتنانەوەی عێراقی عروبی و ئیسلامی لە دژی خەڵکی کوردستان بەڕێوەیەو دەستی پێکردووە، ڕێگایەکی ترو ئاسۆیەکی سیاسی ترو دەخاتە بەردەم خەڵکی کوردستانەوە، ڕێگای جیابونەوەی کوردستان و پێکهێنانی وڵاتێکی سەربەخۆ.

هەرێمی کوردستان، دەمێك ساڵە هەرێمێکی سەربەخۆیە، سەرباری هەموو هەوڵەکانی ئەمریکاو تەوافوقی هێزە عیراقیەکان و گوشاری وڵاتانی ناوچەکەو مەیل و سیاسەت و نەخشەکانی حزبەکانی بزوتنەوەی کوردایەتی، ئەم هەرێمە تا هاتووە بەرەو قەوارەیەکی سەربەخۆ ڕێی بریووە، واقعیەتی سیاسی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی و ئابوری و ئیداری و پەیوەندی بە دنیای دەرەوە.... جۆرێك بووە کە کەمترین نزیکایەتی بە تێکەڵبوونەوە بە عێراقەوە لە خۆی نیشان نەداوە.

ئەم واقعیەتە هەمیشە بانگەوازێك بووە بۆ بوونی هەرێمی کوردستان بە وڵاتێکی سەربەخۆ، مەیل و خواستی واقیعی خەڵکی کوردستانیش هەر ئەم ئارەزووە بووە.

ئێستا ئیتر کە هەڕەشە لەدژی ئەم خواست و ئارەزوەی خەڵکی کوردستان لەبەردەگایە، گرتنەبەری ڕێگایەك بۆ ڕەسمیەتدانی نێودەوڵەتی بە واقیعەتی جیایی بەکردەوەی کوردستان و پێکهێنانی وڵاتێکی سکولاری غەیرە قەومی، ئەرکێکە دواخستن هەڵناگرێت. هەر ئەمەشە زەمینەی بەیەکەوە ژیانی ئاشتیانەو دانپیانراوی دوو وڵاتی پاڵ یەکتری زەمانەت دەکات.

جیابوونەوەی کوردستان و پێکهێنانی وڵاتێکی سکولاری غەیرە قەومی یە، کە دەتوانی وەکو دەوڵەتێکی سەربەخۆی مۆدێرن کۆمەك و هاوکاری بە خەڵکی ئازادیخوازی عێراق بکات تا لەچنگ ئەو هێزو حزب و ڕەوتگەلە دژی ئازادیە ڕیزەکانیان یەکبەخەن.

هاوکات کوردستانێکی سەربەخۆو دانپیانراوی نێودەوڵەتی و مۆدێرن، بە دام و دەزگای حکومی و دەوڵەتی و موئەسەساتییەوە، دەتوانی بۆ چارەسەری باقی ئەو کێشانەی لەگەڵ دەوڵەتی عێراق دەمێنێتەوە، لەسەر سنورو ناوچە جێگا ناکۆکەکان، و کێشە هەڵپەسێردراو یەکلانەکراوەکان، ڕێگای یاسایی و دروست و مامەڵەی حکومەتی و دەوڵەتی بگرێتە بەرو لە پشتیوانی نێودەوڵەتیش بەهرەمەند بێت.

ئەمە ئەو ڕێگا کارسازو لەبەردەستەیە کە پێویستە خەڵکی کوردستان خۆیانی بۆ ساز ئامادەبکەن، بە خۆپیشاندانی ئازادانەو سەراسەری و ملیۆنی، ئەم خواستە بەرهەقەی خۆیان بە دنیای شارستانی سەردەم ڕابگەیەنن و پشتیوانی جیهانی بۆی دەستەبەر بکەن.

وە لەو ڕێگا مۆدیرنەوە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی ناچار بکەن ملبدات بەخواستی خەڵکی هەرێمێك بۆ پێکهێنانی وڵاتی سەربەخۆی خۆیان کە نزیکەی ١٨ ساڵە بەکردەوە جیایە لە عێراق.

ئەم ڕێگاچارە کارسازە هەموو تاکێکی کۆمەڵگا بانگەواز دەکات، بۆ تێکۆشانێکی ئازادیخوازانەو مۆدیرن و خۆجیاکردنەوە لە سیاسیەت و ڕێگاچارەو نەخشەکانی بزوتنەوەی کوردایەتی.

عبداللە محمود
٢٠٠٨-٨-١٣

# کۆنگرەی بزووتنەوەی کۆنەپەرستی ئیسلامی، ئەگەرێك بۆ ئاینده



## ئاکۆ سالار

لە ژمارە (٢٥٨) ی ڕۆژنامەی (ڕۆژنامەدا) بابەتێکم خوێندەوە لەسەربەستنی کۆنگرەی بزووتنەوەی ئیسلامی لە شاری سلەیمانی کە بە کۆنگرەی (نۆ) ناسراوە.

من نامەوێت بچمە سەر باس و بڕیارەکانی کۆنگرە، ئەوەندە دەمەوێت ئاماژەیەکی کورت بکەم بە ئەگەری سەرکەوتنی کۆنگرەی ئەم بزووتنەوە کۆنەپەرست وچەپەڵە، کاتێک فرسەتی خۆسازدانەوەو چالاکبوونەوەیان وەک جاران بۆ برەخسێت و خۆیان گوتەنی" ببنەوە بە هێزی سێیەم لە کوردستان"، ئەوا دەبێت چ بەڵایەکی تر بەسەر خەڵکی ئەو ناوچانە بهێننەوە کە وەک جاران بە پاڵپشتی جمهوری کۆنەپەرستی ئێران و بەزۆری چەک و کوشتار سیاسەت و دەسەلاتیان بسەپێنن؟.

بزووتنەوەی ئیسلامی بەسەرکوتی خوێناوی نەیارانی فیکری و سیاسی، وە بە زاڵکردنی یاسای کۆنەپەرستی و دژی ئینسانی ئیسلام، خەڵکی ئەم ناوچەیەیان سەرکوت و زیندانی ئەکرد، ئەمڕۆ دووبارە پاش بەستنی کۆنگرەکەیان بۆ جارێکی تر دەیانەوێت دەسەلاتی ڕەشی کۆنەپەرستیان بسەپێننەوە بەسەر خەڵکی هەڵەبجەو هەورامانددا.

ئەم بزووتنەوە تیرۆرستە کە ساڵنێک لە ناوچەی هەڵەبجەو هەوراماندا بوون، یاساو شەریعەتی ئیسلامیان پەیڕەو دەکردو بە کوشتن، زیندانیکردن، سوکایەتیکردن و ئەشکەنجەدانی نەیارانی خۆیان و کەسانی ئاسایی دەسڵاتیان دادەسەپاند.

خەڵکی ئەم ناوچەیە زیندان و ژووره تاریکەکانی ئەم باندە ئینسانکوژو تیرۆرستەیان لە بیر نەچوەتەوە، لە یادەوەری ئەو ناوچەیەدا ماوە کە چۆن لەسەر خۆشەویستن، خواردنەوە، هاتووچۆی کوڕان و کچان، نەپۆشینی سەرپۆش،گوێ بیستن لە مۆسیقا و گۆرانی، نەچوون بۆ مزگەوت، خوێندنەوەی کتێبی پێشڕەوانە، یاری دۆمینەو تاوڵە، لە یەک ووشەدا لەسەر سادەترین ماناکانی ژیان خەڵکیان ڕاپێچی بارەگاو زیندانەکانیان ئەکردن و ئەشکەنجەو سوکایەتیان پێدەکردن و بۆ بەردانیان سەرانەیان لێدەسەندن (لەم بارەیەوە دەتوانین سەدەها نموونە بهێنینەوە).

هەواڵی سیاسەت و کارە دزێوەکانی ئەم جانەوەرانەی سەدەکانی ناوەڕاست هێشتا لە گوێ و یادەوەری خەڵکی کوردستاندا دەزرینگێتەوە، کەچی ئێستا لەژێر چاودێری ئەحزابی دەسەلاتداری قەومی کوردیدا و لە شاری سلێمانی کۆنگرەی خۆیان دەبەستن و لەم ڕێگەیەشەوە خۆیان بۆ خۆسازدانەوەو هێرشگەلێکی تر ئامادە دەکەنەوە، کە ئەگەری زۆر هەیە لە نێو هاوکێشە هەنووکەییەکانی سیاسیەتی ناوچەکە و بە هاوکاری دووبارەی دەسەلاتی مەلا کۆنەپەرستەکانی کۆماری ئیسلامی بەربدرێنەوە گیانی خەڵکی کوردستان بە تایبەتی ناوچە سنوریەکان کە بوونەتە مۆڵگەی خۆشاردنەوەی باندە تیرۆریستەکان و لە ناویاندا بزووتنەوەی ئیسلامی.

ڕێگەدان بە بەستنی ئەم کۆنگرەیە لە شاری سلەیمانی و بەبەرچاوی دەسەڵاتدارانەوە، ئەو بەرەنجامە زیاتر ڕۆشندەبێتەوە کە یەکیەتی و پارتی هاوکار و ڕێگەخۆشکەری بەردەوامی گەشەو سەرهەڵدانی گروپە کۆنەپەرست و تیرۆریستە ئیسلامیەکان بوون و بەم جۆرەش ئەوان دەبنە شەریک لە بەرپرسیارەتی ئەو هەموو تاوان و کارەدزێوانەی کە ئەم باندانە لە کوردستان ئەنجامیان داوە.

خەڵکی کوردستان دەبێت ڕێگە نەدات جارێکی تر ژیان و خۆشی و ئازادیەکانیان بکرێتەوە قوربانی سات و سەودای هێزەکۆنەپەرستەکانی ناوچەکە و بە خۆ سازدان و پەیوەستبوونیان بە بزووتنەوەی کۆمۆنیستی و سۆسیالیستی، ئەم هەڕەشە بەردەوامە لەسەر ژیانیان کۆتابکەن و کۆمەڵگایەکی ئازاد و یەکسان بنیادبنێن کە تیایدا هیچ کەس و هێزێک نەتوانێت دەسەلات لەسەرەوە بەسەریاندا بسەپێنێت و ماف و ئازادیەکانیان پێشێل بکات.

# کۆمەڵگای ئیسلامی بەرگەی دوو زنجیرەی تر ناگرن!



سیروان ئەمین

مەبەست لەم نوسینە هەڵسەنگاندنی دراماکان نیە لە ڕووی هونەریەوە، بەڵکو نیشاندانی مەودای دووری نێوان خەڵک و ئەحکامەکانی ئیسلامە!
هەردوو زنجیرەی دۆبلاژکراوی (نور) و ( سنوات الضیاع)ی کە کەناڵی ئێم بی سی پیشانی دەدا لە وڵاتانی عەرەبی هەڵایەکی زۆری ناوەتەوە، هەڵگری ناوەکانی یەحیا و لەمیس و ڕەفیف و نور و مهەند بوون کە ئەکتەرە سەرەکیەکانی دراماکەن.
لە ئەردەنیش زۆرێک لە کچان بە پێی قسەی کارمەندیکی ساڵۆنی ژنان بە نێوی فایف ئێم داوای هەمان مۆدێلی برۆ و قژ بڕینی ئەکتەرەکان دەکەن و ئیسلامیەکانیش بە خاوەن تەکسیەکانیان وتووە ئەگەر هەر کەس لە نوری کرد و تەنورەکەی کورت بوو سواری تەکسی نەکەن.

## لە شاری حەلەب موفتی شارەکە ڕایگەیاند هەرکەسێک تیشێرتی لەبەرە کە وێنەی (مهند) یان (نور) ی لە سەر بیت ئەوە نوێژی قەبوڵ نییە و فاسدە

ڕۆژانە سەرتاپای میدیا عەرەبیەکان باس و خواسیان بووەتە باسی زنجیرەکان و ئەکتەرەکانیان.
سەرەتا بە جیابونەوەی ژنان و پیاوان دەستی پێکرد و برێکی زۆر ژن و پیاو لە وڵاتانی وەک ئەردەن و سوریاو کەنداو جیابوونەوە و دواتر لە سعودیەش دەستی پێکرد.
زۆرێک لە پسپۆرانی بواری کۆمەڵایەتی هۆکارەکانیان بۆ ئەوە گێڕایەوە گوایە لە وڵاتانی عەرەبی و ئیسلامیدا هیچ جۆرە خۆشەویستیەک کە لەو درامایەدا هەیە لە ژیانی واقعی ئینسانەکانی ئەو کۆمەڵگایەدا بوونیان نییە.
دراماکە کاریگەریەکی زۆری لە سەر خەڵک داناوە زۆرێک لە مامۆستاو خاوەن کارەکان گلەیی و گازندە دەکەن کە قوتابیان و کارگوزارەکان کە زۆر زوو دەگەڕێنەوە ماڵەوە، تەنانەت یەکێک لە مەلای مزگەوتەکان گلەی لە نوێژکەرانی مزگەوتەکەی کرد کە گوایە وەک جاران نەماون بە پەلە پڕوزێ نوێژەکەیان دەکەن و ڕادەکەنە ماڵەوە.
هەر لە سعودیە کە بەکۆمەڵگایەکی کۆنەخواز وەسف دەکرێت تەنها لە ماوەی مانگێکدا و لە کاتی پیشاندانی دراماکەدا ٩٠٠ منداڵی تازە لە دایکبوو

لە یەمەنیش بەهەمان شێوە چەندحاڵەتی جیابوونەوە هەبووە و مامۆستای زانکۆی سەنعا گلەیی ئەوە دەکات کە قوتابیان هەر زوو دەیپێچنەوە چونکە کاتی زنجیرەکە لە یەمەن ئێوارەنە.
ئەم هۆکارانەی سەرەوە وایکرد کە گەورە موفتی سعودی لە ڕاگەیاندنێکدا وتی کە فیلمەکە جۆرێکی زۆر خراپە وەدژی کۆمەڵگای ئیسلامیە و فەساد لەسەر زەوی بڵاو دەکاتەوە بۆیە هەرکەسێ سەیری بکات توشی کوفر و گوناح دەبێت.
ڕادیۆ بی بی سی بەریتانی بەشی عەرەبی لە سەر ئەنتەرنێت و تەلەفیزۆنەکەشی پرس و ڕایەکی کردۆتەوە بۆ بەشداریکردن سەبارەت بە دراماکە کە ئایا زنجیرە درامای (نور) شەڕی خوا دەکات وەک موفتی سعودیە دەیڵێت؟
لە ناسریە/عێراق لە ٢٩ تەموزدا وێنەیەکی یەکجار زۆری مهەند لە لایەن گروپێکی ئیسلامیەوە بە مەبەست لە کۆڵانەکانی شاردا بڵاو دەکرێتەوە تا خەڵک ناچار بین بە سەریدا ڕێ بکەن وەک دوژمنایەتیەک بەرانبەر بەدراماکە.
هەروەها نوێنەری سیستانی شێخ محمد مهدی ئەلناسری لە مزگەوتی عباس کەبیر لە شاری ناسریە فتوای بە دژی دراما تورکیەکان دەرکردوە تەماشەکەرانی بە لادەر وەسف کردوە وە هێرشی کردە سەر دەوڵەت کە تەلەفیزۆنەکانیان تەنها بە شان و باڵی بەرپرساندا هەڵدەدەن و دراماکەشی بە زۆر خراپ لە قەڵەم دا.
لە سوریا و لە شاری حەلەب موفتی شارەکە ڕایگەیاند هەرکەسێک کە تی شێرتی لەبەرە کە وێنەی مهند یان نوری لە سەر بیت ئەوە نوێژی قەبوڵ نییە و فاسدەو وێنەکانی ئەو دوو هونەرمەندە دەبنە هۆی دورخستنەوەی مەلائیکەکانی خوا.
لە وڵاتانێکدا کە هەموو شت قەدەغەیە بۆ ژنان و لاوان، خەڵک ناوەکانیان دەگۆڕن بە ناوی ئەکتەر گەلێک کە مەلا و شێخەکان لێیان توڕەن بە فاسق و فاسد ناویان دەبەن.
سەرەڕای هەر زوڵم و زۆرێک و بوونی دەیان تیمی پۆلیسی ئەخلاق و مەعروف و مینکر چاوسورکردنەوەی شێخ و مەلاکان، ژنان و کچانی سعودیە بەدوای تەنورە زۆر کورتەکانی (نور) و مۆدێلی برۆ جوانەکانی (لەمیس)دا دەگەڕێن و پارەیەکی ئێجگار زۆری تێدا بە خەرج دەدەن. ئەو عەشق و عیلاقە ئازادەی کە لە دراماکەدا دەگوزەرێ تەواو پێچەوانەی دین و مەزهەبەکانی ئیسلامەو مەلاکان ڕقی دونیایان لێ دەبێتەوە بەڵام لە کاتی پیشاندانیدا بازاڕەکان چۆڵ دەبن خەڵک بێ دەنگ دەبن تا دراماکان کۆتاییان دێت.
دیارە هەموو ئەو پارە و پوڵی نەوتە کە بە مزگەوت و گومەزی کەعبەکاندا بە خەرج دەدرێ یان ئەو هەموو پۆلیسی دینی و ئەخلاقە کە هەزاران هەزار دۆلاریان پێ دەدرێ، یاخود ئەو هەموو فەتواو درێژدادڕیەی مەلاکان دەربارەی ئیسلام و دین و جەهەنم و بەهەشت دەیکەن بە هیچ ڕۆیشتوە، وە ئەو کۆمەڵگایە هەر فرسەتێکی دەست کەوێ هەمان عەشق و خۆسەویستیەک کە لە دراماکانی ( نور سەنوات الضیاع) دا دەکرێ دەیکەن.
ئەم دینە زۆر لەوە ڕزیوترە کە ئیمە دەیزانین، بڕواننە سایت و میدیا عەرەبیەکان ئەوکات دەزانن زوڵم و زۆر و پارەچی عەشقبازیەکی خەفە کردوە وەک پشکۆی ژێر خۆڵەمێش.
ئێستا دوژمنانی سەرسەختی مەلا و ئاخوندەکان تەنها ئاتەئیستەکان و چەپ و کۆمەنیستەکان نین، بەڵکو نور و مهند و یەحیاو لەمیسیش لەو دوژمنانەن کە کۆمەڵگای لەرزۆکی ئیسلامیان لەرزۆکتر کردوە.

# جیاوازییەکانی نێوان وشیار سیوەیلی و وشیار باداوەیی!

بەشدار علی
Bashdar_net@yahoo.com



هیچ یەکێك لەم ناوانەی سەرەوە لەنزیکەوە من نایاناسم و ئاشنایەتیم لەگەڵیاندا نییە، بەڵام لە دوورەوە ئاگاداری پیشەکانیانم و دەزانم چ کارەن.
لەم پەرەگرافەش مەبەستم شکاندنی یەکێکیان و گەورەکردنی ئەویتریان نییە،چونکە لەلایەك ئەوە لە سونەت و ئەخلاقیاتی من جێگای نابێتەوە لەلایەکی تریش، پێموایە بەشێوەیەك لە شێوەکان هەموومان قوربانین!
جا گرینگ نییە قسە لەسەر قوربانیەکان بکەن بەڵکو گرینگیەکە لەوەدایە ئەو سیستەم و بەرنامەیە بدەینە بەر رەخنە کە ئینسانەکان دەکاتە قوربانی.
ئەوەی یەکەمیان وشیار سیوەیلی وەزیری کارەبای حکومەتی هەرێمی کوردستانە دوایی (هەوڵ و ماندووبونەکانیان!) دوایی دوو دەیە لە بەرێوەبردنی حکومەت و تێپەربوونی شەشە کابینە، لەم هاوینە گەرمەدا تەنها (٦) سەعات کارەبا بە پچڕ پچڕی دەدات بە هاولاتیان، ئەوەی دووەمیشیان وشیار باداوەیی گەنجێکی کاسبکاری گەرەکی باداوەی شاری هەولێرە و(١٢) مۆلیدەی (٥٠٠) ئەمپێری لە گەرەکەکەی خۆی داناوە و رۆژانە( ١٠) سەعات کارەبا بە رێکوپێکی دەداتە هاولاتیات و زیاتر لە (٥٠٠٠)خێزانی لەم گەرمای هاوینە لەبەرزی پلەی گەرما و تاریکی رزگارکردووە و هەناسەی بەبەر هەزارەها منالْ هێناوەتەوە، ئاگاداربن ئەو کاسبکارە وەکو خۆی گووتەنی سەرەتا بە قەرز دەستی بەم کارە کردووە!
پێویستە بپرسین، بۆچی پارە هەیە ئاپارتمانەکان بەرزی ئاسمان بکرێنەوە؟!کۆشك و ڤێلاکان زیادبکەن؟!هەموو سەرەمانگان مۆدێلێکی نوێی ئۆتۆمبیل و ناوماڵەکانیان بگۆردرێن؟!کۆمپانیا و کارگەی نوێ بخرێنەکار بەناوی کەرتی تایبەتەوە؟! کۆمەڵێك بەرپرسی مافیا دەستیان بە پێشکەووتوترین ئامێری سەردەمەوە بگات و لە نێو خوشگوزەرانی و رەفاهیەتدا بژین و بەشی هەرە زۆری خەڵکیش لە (کارەبا) بێبەش بن؟!بە هەزارەها دۆلار بۆ دەعوەت و سەردان و ئاهەنگ و ڤیستیڤالْ و دەوراتەکانی شەکراو خواردنەوە سەرف دەکرێت، بە ملیونان دۆلار بۆ کاری حیزبی و سیخوری و دەمکوتکردنەوەی دەمی خەڵك تەرخان دەکرێت، بەلاْم ١٧ ساڵە ئاوی پیس دەرخواردی خەڵك دەدرێت، نەبوونی کارەبا هەزارەها منالْ و پیر و پەککەوتەی ناچار بە مەرگ کرد، خراپی رێگاو بان و شەقامەکان رۆژانە دەیان ئینسان بێگیان و کەمئەندام دەکا و حکومەت و دەسەلاْتی سیاسیش هەر خەریکی هەڵوشینی زیاتر و بازرگانی و پرکردنی زیاتری بانکەکانی ئەوروپان.
کاتێك کە چاو بە دیاردە و رووداوەکانی کوردستان دەگێریت و لێیان ووردەبیتەوە، تێدەگەیت کە دەسەلاْتی بەرێوەبردنی کۆمەڵگا لە ئیدارەکردنی خەڵك تەواو پەکیکەووتوە و ئەگەر ئەم چەند سالە توانیبێتی درێژە بە تەمەنی بدات چیتر ناتوانیْ بەم نەخۆشییەی لاشەکەی راکێشێت و پێویستی بە فریادرەسێك هەیە و خۆشیان باش دركیان بەم راستیە کردووە.
گەندەڵی و دزی و راووڕووت و بەهەدەردانی سامانی ولاْت ناتواندرێ کۆنترۆڵ بکرێ، چونکە هەموو ئەمانە لە هەرەمی سەرەوە دەست پێدەکات و دەست پێشخەرییەکە لە هەرەمی پلە یەك و پلەدوویی ئەو دەسەلاْت و حکومەتە دێتە خوارەوە، یاسا و دەستورێکی مەدەنی و پێشکەوتوو لەم مەملەکەتە ناچەسپیْ، چونکە عەقلْیەتی پشتەوەی دارێژەرانی یاسا و دەستورەکان دۆگمان، بۆیە لاوان و ژنان و منالاْن دەبێت ئاخ بۆ حەز و خۆزگە و بەسەرچوونی تەمەنی بەهاریان بخوازن، سیستەمێکی ئینسانی و دوور لە توندوتیژی لە قۆناغەکانی خوێندن جێگای خۆی ناگرێت، چونکە دەسەلاْتی سیاسی کوردستان پێویستی بە نەوەیەکی گوێرایەڵ و قسەنەکەر و خەسیو و پرسیار نەکەر هەیە، ژیان و گوزەران و هەناسەدان بە مەمرەو مەژی پێویستی بە هەوڵ و ماندووبون و کارکردنێکی تاقەت پروکێن هەیە، چونکە نهێنی مانەوەی دەسەلاْتی ئەو حیزبانە لەبرسی کردن و هیلاك کردنی خەڵکە،...
لەنێو دەسەلاْتێك کە کەمترین نوزەی بۆ ئازادی هێشتبێتەوە و دەسەلاْتی عەشایەری و میلیشیای بەسەر سەری خەڵکەوە فەرز کردبێت، نان و کار و کەسابەتی بە بارمتە گرتبێت، هەموو کون و کەلەبەرێکی ژیانی خەڵکی مۆنۆپۆل کردبێت، کار لەسەر وورد و خاشکردنی ئیرادە و ووزە و توانای تاکەکان بکات، ئاساییە کە پۆستەکان بۆ کاری تایبەتی و کۆکۆدنەوەی زۆرترین سامان، بقۆزرێنەوە و کائینەکانیش بیْ دەسەت خۆیان نیشان بدەن.
لە مەملەکەتێك کە بەرپرس ئامانجی سەرەکی پۆستەکەی زۆرترین دەسکەوت و سامان کۆکردنەوە بێت بۆ خۆی و دەووروبەرکەی، دەبێت چاوەروانی چی لە ولاْتە بکەین؟! ئەوان تەنها وەکو رۆبۆتێك لەم پۆستە دادەندرێن بۆ ئەوەی لەم ماوەیەدا ژیان و چارەنوسی خۆی و دەوروبەرەکەی دابین و مسۆگەربکات وکەمێکیش چاوی لەسەرووی خۆی بێت،لەم بارەیەوەش بەرپرسانی کوردستان کورتیان نەهێناوە و باش لە ئامانجی سەرەکی کارەکەیان خۆیان گەیشتوون و دەستیان لەهیچ نەپاراستووە و بوون بە خاوەنی هەموو شتێك.
باسەکە ئەوەیە بۆچی تاکو ئیستا نەبوونی کارەبا و هەرەسی خەڵکی لە تینی بەهێزی گەرما و نەخۆشکەوتنی منالاْن و سك چوون و رشانەوە و تیاچونیان پرسیارێکی لای وەزیری کارەبا و هەموو وەزیرەکانی تری دوردست نەکرد؟ وەلاْمەکەی سانایە،چونکە ئامانجی سەرەکی کارەکەی ئەوان شتێکی ترە نەك خزمەتکردنی خەڵك و چارەسەرکردنی کێشە و گرفتەکانیان،بەشێکی جیاوازییەکانیش لێرەوە دەست پێدەکات.
ئەگەر ووشیار سیوەیلی و سەرۆکی حکومەت و هەموو کاربەدەست و بەرپرسانی تری ئەو ولاْتە،تۆزقالێك ئینتما و خۆشەویستیان بۆ خەڵکی کوردستان هەبوایە دەبوایە تاکو ئیستا سەدان پرۆژەی وەکو ووشیار باداوەییان ئەنجام بدایە و خەڵکیان لەم ژیان دۆزەخاوییە رزگاربکردایە.

## پەراوێزخستنی گەنج و کاردانەوەکانی

بەشێك لەگفتووگۆی رادیۆیی پێشکەوتن لەگەڵ بەشدار علی

**ئەمە گفتوگۆییەکی هەمەلایەنەیە،بەلاْم لە ژمارەکانی تری ئۆکتۆبەر زۆرێك لەباس و تەوەرەکانمان باسکردووە، بۆیە دووبارەبوونەوەیمان بە پێویست نەزانی و تەنها ئەو چەند برگەیەمان هەڵبژاردوە**

پرسیار: کاردانەوەکانی گەنجان و لاوانی کوردستان چۆن دەبینیت بەرامبەر بەم پەراوێزخستنیان؟
بەشدار علی: لە سەرەتادا دەمەوێت ئەوە بلێم ئەوە یەکەمین جارە من گوێم لێدەبێت لە دەزگایەکی راگەیاندنی رێخراوێکی سەر بەدەسەلاْت وەکو زمانحالْی یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان دان بەوە بندرێت کە گەنجان و لاوانی کوردستان (پەراوێزخراون) و بەرنامەی لەسەر ساز دەکرێت و دەکرێتە تەوەری بەرنامەکانتان، بێگومان دیارە کاردانەوەکانی گەنجان فشارێکی دورستکردووە. بەلیْ،سالاْنێکە ئێمەی گەنجان و لاوانی کوردستان دەڵێین لە دەستور و بەرنامە و ئایننامە و پرۆژەکانی دەسەلاْتی سیاسی شتێك نییە بەناوی گەنج و دونیابینیەکانی گەنج و تایبەتمەندییەکانی گەنج، بۆیە گەنجان کەوتنە ناو زەلْکاوێك ئیتر تیایدا نقوم بوون و خەریکی پەلْەقاژەن و ئیستا بە رۆشنی هەست بە کاردانەوەکانیان دەکرێت. ئەگەر باسی کاردانەوەکان بکەین دەبێت تێرامانێك لە کار و کردەوە و هەڵسوکەوت و گفتوگۆ و نوسینەکانی گەنجان بکەین، ئەگەرنا ناتوانین بلْێین هەموو کاردانەوەکانیان ئیجابین، بەداخەوە زۆرێك لەکاردانەوەکان سلبین و بە باج و قوربانیدان تەواو بووە و تەواو دەبێت، کاتێك گەنجان ئەو پەری بیْ ئومێدی دایدەگرێت و خۆی لە پەراوێزی هەموو هاوکێشەکان دەبینێتەوە و دەزگایەکیش نییە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی و پارێزگایکردن لێی ئیتر ئەوە روودەدات کە ئیستا رۆژانە لە کوردستان دەیبینین و دەیبیستین، خۆیان ژەهرخوارد دەکەن،گوللە دەنێن بە نێوچوانی خۆیان،خۆیان دەسوتێنن، دەست بۆماددە کهولیەکان دەبن و ئالودەدەبن بە ئەفیون و حەشیش و بیر و هۆش و جەستەیان دادەروخێت، رێگای کۆچ دەگرنە بەر و لە رێگادا تیادەچن، بەرێگای نادورستادا دەرۆن و تاوان ئەنجام دەدەن، دەبنە مادەیەکی باش و بەسوودی گروپە تیرۆرستەکان ...،ئیتر ئەوە بەشێکە لە کاردانەوەکانی گەنجان و لاوانی کوردستان بە ناچاری دەستیان بۆ بردووە و پێویستە بە زووترین کات دەسەلاْتی سیاسی بە هۆش خۆییدا بێتەوە ئەگەرنا هۆشیارترین و پر جولْەترین توێژی کۆمەڵگای خەریکە تیا دەچێت.
لەنێو هەموو ئەو کاردانەوانەشدا کۆمەڵێك گەنج کە لە نیگاکانیان تورەبونێکی قولْ دەخوێندرێتەوە و ئامادەن گفتوگۆبکەن و دەنوسن و کۆدەبنەوە و پرۆژەیان لەبەردەستدا بۆ دەرکێشانیان لەم وەزعیەتەی کە گەنجان و لاوان تێیکەوتوون، بەلاْم من گەشبین نیم پێیانەوە چونکە ئەوانیش کەس گوێیان لیْ ناگرێت و بێتاقەت دەبن و بەلارێیەکدا دەرۆن.
پرسیار/بەلاْم لاوان بەوە تۆمەتبار دەکرێن کە داواکانیان ناواقعیە و خەون و خەیالْە و لە جێگای خۆییدا نیە؟

بۆل ٧

# ماددەی ١٤٠و ماددەی ٢٤و ئایندەی کەرکوک

## چاوپێکەوتن لەگەڵ سامان کەریم

**ئۆکتۆبەر: لیستی هاوپەیمانی کوردستان، دەنگدانی ئەنجومەنی نیشتمانی عیراق! لە سەر ماددەی ٢٤ بە کودەتای سیاسی، بە پیلانێکی سیاسی وە بە کودەتا دژ بە دیموکراتی ناوزەد دەکات و رایدەگەیەنێت و وەك مەترسی بۆسەر عیراقی تازە.... لەقەلەمدا، ئێوە لەو بارەیەوە دەڵێن چی؟**

**سامان کەریم:** ئەوەی کە نوێنەرانی بزوتنەوەی ناسیونالیستی کورد ئەنجومەنی نیشتمانی لە بەغدا، هەروەها بارزانی و چەندین سەرکردەی هەردوو حزبی دەسەڵاتداری کوردستان، پێیان وایە ئەمە "موئامەرەیە یان کودەتایە" من وای نابینم. من دوو تەوەری تر باس دەکەم، یەکەمیان: پرۆسەیەکی سیاسی کەلە نیسانی ٢٠٠٣وە دەستپێکرد، ئەو پرۆسەیە بەو شێوەیەی کە لەسەر پایەی ڕیکەوتنی نێوان هێزەکانی ئیسلامی سیاسی شیعی و ناسیونالیزمی کورد بوو بە هاوپشتی ئەمەریکا، بەتایبەت کە ئیستراتیژو سیاسەتی ئەمەریکا شکستی خواردوە، کۆتایی پێهاتوە. وە ماوەیەکە کۆتایی پێهاتووە، بەلام لەم ماددەیەدا بەرجەستەتر خۆی نیشان دەدات. ئەگەر نا بە بڕوای من لە راپۆرتی بیکەر - هاملتۆنەوە بە ڕۆشنی ئەوە دەردەکەوێت. واتە هێزو هاوسەنگی نێوان هیزەکانی گۆڕپانی سیاسی عێراق ئالوگۆڕی گەورەیان بەسەرداهاتوە کە بەگشتی بەقازانجی ناسیونالیزمی عەرەب و ناسیونالیزمی عێراقی شکاوەتەوە. لەم نێوەدا ناسیونالیزمی کورد وەك هێزیك کە گەورەترین ئومێدی خۆی بە ئەمەریکاوە بەستبووەوە لە هەمووان زیاتر زەرەرمەند بوو. ئەم خاڵە وە بەپێی پرنسیبی بورژوازی کە خۆیان دەڵێن " لەسیاسەتدا دۆستی هەمیشەیی نییە" ئەوانیش دۆستەکەیان لەدەستدا. کەواتە ئەمە ڕەوتێکی ئاسایی و سروشتی نێو گەمەی سیاسەتی بورژوازییە. ڕیکەوتنەکانی دوێنیٚ جێگای خۆیان دەدەن بە ڕیکەوتن و بەرەو ئیئتلافات و هاوپەیمانی نویٚ، هەروەك ئێستا دەیبینین. دووەم: پشتکردن لەیەك و پاشقوڵ گرتن لەیەك و کلاو نانە سەری یەکتری لە ژێر پەردەی "ڕیکەوتن و ئیتلاف و بەرەدا" هەمیشە عادەتی هێزە سیاسیەکانی بورژوازی بووە لە ولاتانی بەناو" جیهانیسێهەم" و بەتایبەت لە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستدا. مەگەر نمونەکان کەمن لە پەیوەند بە " کوشتنی نەیارانی خۆیان لە ژێر خێمەی ڕیکەوتندا". بۆیە بە بڕوای من لەم ڕوانگەیەشەوە ئەمە عادەتی ئەوانە، خۆ پێویستە عادەتی خۆیان باش بزانن و نەهێڵن کلاویان بکرێتە سەر.

بەهەرحال پۆینتی دووەم پاشکۆیە بۆ یەکەم. لەم نێوەدا ڕابەرانی ناسیونالیستی کورد هەر ئەوەندەیان پێدەکرێت بنوسن یان بلێن" موئامەرەی الجزائر" " کورد لەگەمەی سۆڤیەتدا" "ئەمەریکا دەستی بڕین" " صەدام پەشیمان بوەوە". ئەمە لۆکەڵگەرایی و تەسك بێنی ناسیونالیستی کوردە لە سیاسەتدا کە بۆی بۆتە عادەتێك کە هەمیشە بەرەی ژێر پێیان ڕاکێشاون. سەیر ئەوەیە ئێستا لای ئەوان بەهاری بزوتنەوەکەیان تەواو نەبووە، سەرنج بدەنە قسەکانی بارزانی دوای گەڕانەوەی لە بەغدا بەڕۆشنی ئەوە دەردەکەوێت. سەرنج بدە لە ووتاری مەلابەختیار لە چاودێردا کە لە ٢٨/٧/٢٠٠٨دا بلاو بۆتەوە.

بەڵام ئەوەی کە دەنگدان لەسەر ماددەی ٢٤ دەبێتە هۆی مەترسی بۆسەر عێراق، پێویستە لە چەند ڕووەوە سەرنجی بدەین. ئەگەر مەسەلەکە هەڕەشەی بارزانییە لە حکومەتی مەرکەزی و بۆ ڕوخانی ئەم حکومەتەیە، پیم وایە پێش ئەوەی هەڕەشەکەی تۆخ کاتەوە پێویستە وەزیرو وزەراو جەنەڕالەکان و سەرۆکی عێراق و ئەندام پەرلەمانەکان بکشێنێتەوە، دوای ئەوە هەڕەشەکەی بەجدی دەگیرێت، بەم مانایە هەڕەشەیەکە بۆ سەر حکومەتی ئێستای عێراق، وە لەباری سیاسیشەوە ئەم شێوە چارەسەرانەی لە چەشنی ماددەی ١٤٠و ٢٤ ڕەنکدانەوەیەکی سیاسی دەبێت لەسەر هێزەکانی دیکەو وادەکات کە ئەم شێوازە لە کیبەرکیٚ واتە شەڕکردن لەسەر دۆڵ و دەشت و بیابان و قەزاو ناحیە بکاتە حاڵەتێکی باو. بەڵام ئەگەر هەڕەشەکەی شەڕکردنە لەسەر کەرکوك وخوڵقاندی لافاوی خوێنە، ئەمەشیان ئیحتمالێکەو جدیشە. بەلام ئەگەر مەسەلەکە ئەوەیە کە مەترسی بێت بۆسەر هێزەکانی دیکە ئەوەیان پێم وانیە وابێت، لەدوا لێکدانەوەدا چ بەشەڕەکەی وە چ بەهەڕەشەکەی ئەوە بەزەرەریٚ خۆیان تەواو دەبێت. ئەوان دەتوانن خاسەی کەرکوك بکەنە ڕوباری خوێن بەڵام بەم کارەیان، هەتاهەتایە "قودس و دڵ" یان لەدەست دەچێت. وە لە ڕاستیدا شەڕی نەتەوەیی بە هۆی کەرکوکەوە مەترسییەکی گەورەیە.

**ئۆکتۆبەر: کەواتە لاتان وایە کاریگەری سیاسی مەترسیداری دەبێت، لەسەر پرۆسەیەکی سیاسی کە خۆی مەترسیدارە. پرسیاری ئێمە ئەوەیە ئەم کاریگەرییە سیاسییە لەسەر هێزەکانی دیکە چۆن ڕەنگدەداتەوە؟! ئایا مۆتیڤی ئەوە هەیە لەئاستی کۆمەلایەتیدا کە ئەم شێوەیە لە خواست و شەڕ لەسەر سنوری پارێزگاکان، جەماوەری دوا بکەوێت لە ناوەڕاست و باشوری عێراق؟!**

**سامان کەریم:** لام وایە ئەوە یەکێکە لە مەترسیەکان لەئاستی عێراق و کوردستاندا. خەتەری پرۆسەی سیاسی ئێستا کە کۆڵەکەکەی تائیفەو قەومە، ئەوەیە کە لەهەر شوێنیك کۆمەلێك کۆببنەوە داوای ئەوە بکەن کە ئێمەش قەومین یان تائیفەین، یان حزب و لایەنێك بەپێی هیزو تواناکەی پاوانی ناوچەو شارەکانی دیکە بکات. ئەمە واقعیەتە، نەك لێکدانەوەی سیاسی چ لە عێراق وە چ لەکوردستاندا. ئەوانەی کە تا دوێنی تا پێش ساڵی ٢٠٠٣ ناوێکیان نەبوو وەکو قەوم، ئەمڕۆ لە کوردستاندا دەڵێن ئێمەش "نەتەوەیەکی سەرخۆیین" ئەوە نییە، حزبی فەیلی کورد، حزبی شەبەکی کورد، حزبی هەورامی کورد، حزبی یەزیدی، تازە یەزیدی و چەند شێخێکی نەقشبەندی هەورامی دەڵێن ئێمە نەتەوەی سەربەخۆین و ڕۆشنبیری و فەرهەنگ و کلتورو زمانی جیایی خۆمان هەیە.... هەموو ئەمانە هەن، ئەگەر هەلومەرجەکە بەم شێوەیە بچێتە پێشەوە دور نییە، بۆ ئەحمەد ئاوا پاسپۆرتی پێویست بێت!!. ئەمە گاڵتەجارییە، بەڵام بەداخەوە بە حوکمی سیاسەتی داگیرکاری ئەمەریکاو بزوتنەوەی ناسیونالیزمی کوردو هەردوو حزبە دەسەڵاتدارەکەی بۆتە واقعیەتێك لەکوردستاندا.

لە عێراقیشدا بەهەمان شێوەیە. بۆ ئاگاداریتان هەر لەهەناوی کیبەرکیٚ و ململانیٚی توندی دانوستان لەسەر ماددەی ٢٤ مەجلیس ئەعلای عێراق کێشەیەکی لەم شێوەی خولقاند و داوای ئەوەدەکات کە ناحیەی " النخیب" کە تا ئێستا سەر بە پاریزگاری ڕومادییەو لە ژێر ناوی پاراستنی ئەمنیەتی شاری کەربەلادا دەیەوێت ئەم ناحیە بخاتە سەر کەربەلا، مەسەلەکەش ئەوەیە کە چاڵە نەوتی باشی تێدایە. هەر ئێستا لەسەر سنوری پارێزگاکانی نێوان کەرکوك و دیالەو سلێمانی کێشەی دیکە هەیە... ئەمانە بەشێکی بچوکن لە واقعیەتی کۆمەڵگایەك کە لەچوارچێوەی سیاسەتی داگیرکاری ئەمەریکادا لەت و پەت کراوەو پایەکانی کۆمەڵگای موتەمەدنی عێراقی لێك ترازاندوەو هەڵیوەشاندۆتەوە.

بۆ وەلامی بەشی دووەمی پرسیارەکەتان. بەداخەوە بلێم کە خەڵکی ئەمڕۆی عێراق، سەرەڕای ئەوەی خەریکە خۆی دوردەخاتەوە لە هێزە سیاسیەکان، بەلام ئەم سیاسەتە کۆنەپەرستانە، جەماوەری خۆی هەیە. بەلام مۆتیڤی جەماوەر موتیڤیکی سیاسی نییە. مۆتیڤێکە کە سەپێنراوە بەسەریاندا. چونکە ئەمڕۆ نان و ئەمنیەتی خەڵك بەدەست میلیشاکانی ئیسلامی سیاسییەوەیە لە ناوەڕاست و باشوری عێراق. ئەوان حاکم و دەسەلاتدارن، ئەگەر دەنگیان بۆنەدەن، ئەوا دەردەکرێن لەسەر کار، موچەیان دەبڕدرێت، شەهیدانە یان کۆمەکی فەقیرانەیان لیٚ دەبڕن، ئەمە بەجیا لەوەی کە مومکنە ئەمنیەتی فیزیکیان بکەویتە خەتەرەوە. خەڵکی کوردستان ئاشنان بەم جۆرە سیاسەت و کردەوانەی یەکێتی و پارتی بەتایبەت لە کاتی دەنگدانەکاندا.

مەترسی ئەم سیاسەتە لەوەدایە، کە ئەم هێزە کۆنەپەرست و میلیشیاییانە، هیچ پرنسیپ و فەرهەنگێکی ئینسانی شك نابەن، تا ڕیگرییەکان بۆ پێك بهێنیت، کە گۆماوی خوێن دروست نەکەن لەسەر یەك کم لە زەوی کە چاڵە نەوتێك یان چەند سەد هەزارێك مەتر موکەعبی غازی تێدابێت.

**ئۆکتۆبەر: با ئێستا بچینە سەر دیویٚکی دیکە لەم کێبەرکیٚ و ململانێیە لەنێوان هێزە سیاسییەکاندا لە پەیوەند بە ماددەکانی ١٤٠و ٢٤وە. ئێستا ئەو هێزو لایەنانەی کە دەنگیان داوە بۆ مادەی ٢٤ کوتلەیەکیان پێکهێناوە بە ناوەی کوتلەی ٢٢ی تەموزەوە، ئەوان دەڵێن، ماددەی ٢٤ یاساییەو تەواو بووە، هاوپەیمانی کوردستان و ئیئتلافی عێراقی دەڵێن ماددەی ٢٤ یاسایی نییە، سەرۆك کۆمارو یەك جێگری عادل عبدولمەهدی، ئەم یاسایەیان ڕەتکردۆتەوەو گەڕاندویانەتەوە بۆ پەرلەمان. هەردولا بەتایبەت کوتلەی ٢٢ی تەموزو ژمارەیەك لە ئەندامانی تەوافق و لیستی ئەلعراقیەی عەلاوی و ژمارەیەکی زۆر لە کەسایەتییەکانی ناسیونالیزمی عەرەب و عەشائیرە عەرەبیەکان و مەجلیسی پاریزگای تکریت و... هەڕەشە دەکەن، بارزانی و سەرکردایەتیٚ ناسیونالیستی کوردیش هەڕەشەدەکەن، هەریەکەیان دەڵێن ئەگەر یاساکەمان جێبەجێنەکرێت، ئەوان دەرئەنجامی مەترسیداری لێدەکەوێتەوە.؟! پێت وایە چارەنوسی ئەم کێشەیە چی دەبێت؟!**

**سامان کەریم:** پێم وابێت بەشێك لە پرسیارەکەتان لە وەلامی پرسیاری یەکەمدا هاتووە. بەلام بە بڕوای من تا ئێستا هەڵومەرجی سیاسی عێراق و هێز هاوسەنگی نێوان هێزەکانی و ڕۆڵی ئەمەریکا، ئەوەندەی تێدا ماوە کە لە ئێستاداو لە ماوەیەکی بەرچاودا، بوارێك ماوە بۆ پێکەوە ژیانی هەندیٚ لە بەرەو ڕیکەوتنە سیاسیەکان، بۆنمونە ڕیکەوتنی چوار قۆلی نێوان دەعوەو مەجلیسی ئەعلای عێراق و یەکێتی و پارتی. بەلام ئەوە ڕۆشنە کە گشت ئەم ڕیکەوتنانە فەشەلی هێناوە ئێستا سەرانی هەردولا بەئاشکرا ڕایدەگەیەنن بەتایبەت دوای دەنگدان لەسەر ماددەی ٢٤.

من پێم وایە یەکێتی و پارتی لەم شەڕەدا بەتەنهان. واتە ئیئتلافیٚ عێراق، یان دەعوەو مەجلیسی ئەعلایان لەگەڵ نییە ئەگەر ئەوانیان لەگەڵدا بوایە ئەوە ماددەی ٢٤ دەنگی نەدەهێنا، ئەمە واقعیەتێکە چونکە بەشێك لە ئەندامانی مەجلیسی ئەعلا بەتایبەت ئەوانەی نێو مونەزەمەی بەدر دەنگیان دا بە ماددەی ٢٤ئەوە بۆ سەرانی یەکێتی و پارتی ڕۆشنە بەلام نایدرکێنن بۆئەوەی لە ئاست جەماوەری کوردستاندا رویەکەیان هەبێت باس لە هاوپەیمانێك بکەن. هەرواهوریای "عگیە" جێگری سەرۆك پەرلەمانی عێراق لەسەر ئەم ماددەیەو ڕازی نەبونی عبدولمەهدی پیٚی، دوو ئاماژە دەدات، یەکەمیان: نا پتەوبوونی ئەم ئیئتلافەیە لەباری سیاسییەوە لە نێوخۆیاندا، واتە لەباری سیاسییەوە نا مونسجەمن،. دووەمیان: بە بڕوای من تاکتیکیە. بەومانایەی کە تا ئێستا ئەم بەشە لە ئیسلامی سیاسی شیعی کە حکومەتیان بەدەستە بەرابەری الحیکم و مالکی کارێکیان هەیە بە یەکێتی و پارتی. کاری ئەوان ڕۆشنە بۆ فشار خستنە سەر ناسیونالیزمی عەرەبە لە عێراق و لە ئاستی ناوچەکەدا، وە بۆفشار خستنە سەر حکومەتانی عەرەبییە. لەم بارەوە ڕۆڵی ئێران گرینگی خۆی هەیە. یەکێتی و پارتی بونەتە وەرقەی مفاوەزاتی دەستی ئێران لە ڕیگای الحیکم و مالکییەوە. واتە هەم دەنگیان دا بە ماددەکەو هەم نارەزایەتیشیان نیشان دان ئەمە کلاوێکی سیاسی بوو بۆ سەری یەکێتی و پارتی.

بەلام ئەوەندەی بگەڕیتەوە بۆ کتلەی ٢٢ی تەموز کە ملوخییەکی عەجیب تێکەڵ و پێکەڵە، لە ئیسلامی سوننی و شیعیەوە تا ناسیونالێزمی عەرەب و بەرەو ئیلی وئیسلامی تورکمانی تێدایە. بەلام ئاراستەی سیاسی و سیاسەتەکەیان ڕاستەوخۆ ناسیونالیستی عەرەبە لەمە گومانێك نییە. هەڕەشەی ئەمانیش واقعییەو ئێستا ڕاستەوخۆ نجێفی کەسەر بەلیستی عەلاوییە، دەڵی یان "ڕیکەوتن یان شەڕ". ناسیونالیزمی عەرەب و هێزەکانی کە زۆر پەرت و بلاون، لە صەحوەکانەوە بگرە تا جەماعەتی عەلاوی تا حزبی ئیسلامی عیراق تاریق هاشمی تا تەوافق و مەجلیسی عەشیرەتە عەرەبیەکان و مەجالیسی ئستیشاری عەرەبی و حزبی بەعس... دەگرێتەخۆ کە پشتیوانەو کۆمەکی گەورەی ولاتانی عەرەبیان لەپشتەو ئەمەریکاش بۆ ڕاگرتنی بالانس لەگەڵ ئێراندا پێویستی پێیان هەیەو تورکیاش هەم لە بەرانبەر نفوزی ئێراندا، وەهەم لە پێناو دەسەلات و نفوزی خۆیدا لەناوچەکەو عێراقداو لەبەرانبەر یەکێتی و پارتیدا کۆمەکیان دەکات. ئێستا ئەم هێزە بەهەرەمەندە لەچەکدارێکی زۆرو زەبەندەی "صحوە"کان و بەشێکیشیان لە "مقاوەمە"دان و هەندێکیشیان لە پەرلەمان و حکومەتدان. ئەمە بەجیا لەوەی لەم کێبەرکیٚ سیاسییەدا ناسیونالیزمی عێراقیان لەگەڵە کە پێکهاتون لە ڕەوتی صەدرو ڕەوتی جەعفەری و حزبی فەزیلە، دورنییە هەرسێکیان وەك کتلەیەك دەربکەون. ئەمە کێشەی دوو بزوتنەوەی ناسیونالستییە، ناسیونالیزمی کوردو عەرەب، بەهۆی هێزە سیاسیەکانیانەوە. هەڕەشەی ئەمان جدیە وە مەترسیداریشە بۆ سەر خەڵکی کوردستان. ئێستا کۆسپەکە هەر کەرکوك نییە، بەڵکو گشت کوردستانەو کەرکوك دەروازەیەکە بۆ کێبەرکێیەکی گەورەتری ئەم دوو بزوتنەوەیە لە پێناو دەسەلات و نفوزی زیاتردا لە ئاستی عێراقدا.

ئەوەندەی بگەڕێتەوە بۆ چارەنوسی ئەم کێشەیە، من پێم وایە لە ئاستی چارەنوسدا واتە ئەوەندەی بگەڕێتەوە بۆ ئامانجی هەریەك لەو دوو بزوتنەوەیە، چارەسەرێکیان پیٚ نییە. وە بەبڕوای من چارەسەری هەردولایان تاقیکراوەتەوە. ناسیونالیزمی عەرەب لە ١٩٦٨وە تا ٢٠٠٣ دەسەلاتداری ئەمشارە بووە، کە کۆنەپەرسترین سیاسەتی پیادەکرد تیایدا، لە تەعریبەوە بگرە تا دەرکردنی کورنشینەکانی بەزۆر، وە پاکتاوکردنی نەتەوەیی ... ئەمە تا بەعس لەدەسەلاتدا بوو هێمنی بەمشارە بەخشیبوو، بەلام هێمنییەك کە لە ژێرەوە پشکۆکانی دەسوتان بۆیە لەگەڵ یەکەم بروسکەی ڕوخانی بەعسدا، ئەم کێشەیە بەشێوەیەکی قوڵتر سەری هەڵدایەوە. ئەوە ٥ سالیشە ناسیونالیزمی کورد لەمشارەدا بەهۆی یەکێتی و پارتییەوە هەمەکارەیەو دەسەلاتدارن ئەوانیش سیاسەتی"بەکوردکردنی" ئەمشارەیان پیادەکرد، ماددەی ٢٨و دواتر ١٤٠ ناوەرۆکی سیاسەتی یەکێتی و پارتی پێکدەهێنێت. کە دەیان جار من وتومە فاشلەو ڕیگا چارەنییە. کە نەبوو. لەم ئاستەدا ڕۆشنە کە هەردوو بزوتنەوەکەو هێزەکانی دەست بەرداری ئامانجی خۆیان نابن. بەلام بەبڕوای من هەلومەرجی سیاسی ئێستای عێراق و فەشەلی ئەمەریکاو، دەخالەتی جدی ئێران و پاشان تورکیا، واقعیەتێك فەرز دەکات بەسەر هەموو لایەنەکاندا، ئەویش ئەوەیە کە بگەنە ڕیکەوتنێکی مەقتەعی و کورت ماوە، تا ماوەیەکی دیکە. کە ئەمە زیاتر بە زەرەری ناسیونالیزمی کورد تەواو دەبێت.

**ئۆکتۆبەر: هەواڵەکان رادەگەیەنن، کە بەهۆی ئەم کێشەیەوە بارزانی بانگهێشت کراوە بۆ ئەمەریکاو تاڵەبانیش لە ئەمەریکایە. لاتان وایە ئەم سەردانەی بارزانی بۆ ئەمەریکا ئەنجامێکی هەبێت، لەپەیوەند بەم کێشەیەوە؟!**

**سامان کەریم:** حەقیقەتێك لە گۆڕەپانی سیاسی ئەمری عێراق و زۆربەی ولاتانی ناوچەی ڕۆژهەلاتی ناوەراستدا هەیە، ئەویش ئەوەیە، کە هێزەکانی ئەمرۆی عێراق هەریەکەیان بە وەکاڵەت خەریکن بەرژەوەندی ولاتانی دیکەی ناوچەکە دەبەنە پێشەوە. ناسیونالیزمی عەرەب لەعێراق خەریکە پرۆژەی بزوتنەوەی خۆی لە ئاستی ناوچەییدا دەباتە پێشەوەو بەم هۆیەوە کۆمەك دەکریت لەلایەن هەندی ولاتانی عەرەبیەوە. ئیسلامی سیاسی شیعی حاکم واتە ئیئتلافی عێراق الحکیم ومالکی نوینەری بەرژەوەندی ڕژێمی ئێرانە لە عێراق و بەم هۆیەوە لەلایەن ئێرانەوە کۆمەکی جدی دەکرێت، بەرەو ئیلی تورکمانی لەلایەن تورکیاوە کۆمەك دەکرێن و شەری خۆیان بەوەکالەت دەکەن... ئەوەی دەمێنێتەوە بزوتنەوەی ناسیونالیزمی کوردە کە ئەم بزوتنەوەیە لە ئاستی ناوچەکەو جیهاندا، دەوڵەتی نییەو بەم هۆیەشەوە بیٚ پشتیوانەیەکی واقعیە. سەرانی ئەم بزوتنەوەیە هەرجارەی خۆیان دەدەنە بەر ڕەشەبایەك جا یان ئێران یان تورکیا، یان سور یان تەنانەت ڕژێمی بەعسیش. ئەمجارە بۆیان ڕیکەوت خۆیان تەسلیم بە ئەمەریکا بکەن، لەپێناو ئەوەی ئامانجەکانی خۆیان بپێکن. بەلام ئەمەریکا فەشەلی هێناو تاکە هیوایەکیشیان هەر ئەمەریکایە،

دەتوانم بڵێم ئەمانیش بەمانایەك پارێزەری بەرژەوەندی ئەمەریکا هەن. بەلام ئەمرۆ ئەمەریکا ناچار بوە کە تەنازولی گەورە بکات هەم بۆ ئیران هەم بۆ ناسیونالیزمی عەرەب و هەم بۆ تورکیا. بۆیە ئێستا بەرژەوەندی ئەمەریکا بەشێوەیەك دەچێتە پێشەوە کە فەشەلی هێناوە ناکۆك دەگونجێت لە گەل بەرژەوەندی یەکێتی و پارتیدا. من پێموایە ئەمەریکا فشاری گەورەی لەسەر بارزانی و تالەبانی هەیە، ئەم بانگهێشتنەش هەر بۆئەوەیە کە هەردوکیان دابنێت و کارتی سوری یان نیشان بدات و بلیٚ لەوە زیاتر مەچن. بڕوام وایە سەردانەکەی بارزانی و تاڵەبانی ئەنجامێکی دەبیت، بەلام ئەنجامەکەی دیسان مەقتەعییە هەروەکو لەوەلامی پێشوتردا باسم کرد. ئەمەریکا فشاریان دەخاتە سەر وناچاریان دەکات بەمل دان بە ڕیکەوتنێك، کە تیایدا زەرەرمەند دەبن لەچاو ماددەی ١٤٠دا.

**ئۆکتۆبەر: ڕیکا چارەی ئێوە چییە بۆ کێشەی کەرکوك؟**

بۆل٤



# کتلەی ٢٢ی تەموز ، کتلەیەکی کۆنەپەرستەو دژ بە ئامانجەکانی خەڵکی عێراقە!

سامان کەریم

zaryak@yahoo.com

کتلەی ٢٢ی تەموز : ئەو کتلەیەی نێو "پەرلەمان"ی عێراقە، کە لە ڕۆژی ٢٢/٧/٢٠٠٨دا دەنگیان دا بە ماددوەی ٢٤ی یاسای هەڵبژاردنی مەجلیسی پارێزگاکان. ناوەڕۆکی ئەم پێکهاتە، وە ماددەی ٢٤ی یاسای هەڵبژاردن، ناوەرۆکێکی کۆنەپەرستانەو ناسیونالیستانەی عەرەبیەو تەنانەت دورە لە ناسیونالیزمی عێراقیەوە، کە گشت پێکهاتەکانی عێراق وەك " ئومەیەك" چاولێبکات. ئەم کتلەیە پێکهاتوە لە " بەری تەوافق بە حزبی ئیسلامی تاریق هاشمیەوە، العراقیەی عەلاوی، حزبی فەزیلە، ڕەوتی صەدر، جەماعەتی صالح موتلەك‌و چەندین ئەندامی مەجلیسی ئەعلی حەکیم‌و مالکی‌و جەعفەری). ناوەرۆکی ماددەی ٢٤ بەرپەرچدانەوەی ماددەی ١٤٠ی ناسیونالیزمی کوردەو لە بەرانبەر ئەو ماددەیەدا لەهەلومەرجی هێز هاوسەنگی تازەدا لە نێوان بزوتنەوەو هێزە سیاسیەکاندا هاتۆتە ئاراوە. ئەم ماددەیە خەڵکی کەرکوك دابەشدەکات بە سەر نەتەوەکاندا (بەجیا لە ڕیژەکان، کە بۆ هەریەك لە نەتەوەی کوردو عەرەب‌و تورکمان ٣٢٪ی کورسیەکان‌و بۆ کلدو ئاشوریەکانیش ٤٪ی کورسیەکان دادەنێت). دابەشکردنی ئینسان بەسەر نەتەوەدا، ناوەڕۆك‌و ئامانج‌و فەرهەنگی سیاسی بزوتنەوە نەتەوەییەکان پێك دەهێنێت، کە وەك بزوتنەوەیەکی چینی بورژوازی هەمیشە گۆپالێکی بەهێز بوە بۆ لەتکردن‌و شەقار شەقارکردنی بزوتنەوەی چینایەتی کرێکارو گشت بزوتنەوەیەکی ئازادیخوازانە. سەرنج بدەن لەشاری کەرکوکو ڕێکخراوە" پیشەیی‌و جەماوەرییەکان"ی ئەم شارە. ڕیکخراوەکانی ژنان کە هەموو یەك دەردیان هەیە ئەویش بیٚمافیەکە کە بەسەر ژناندا سەپینراوە، وە لە واقعدا یەك خواستیان هەیە، کە خواستی یەکسانی ژن‌و پیاوە، بەلام نەتەوەپەرستی ڕێگەی لەوە گرتوە کە ژنان پێکەوە خەباتێکی هاوئاهەنگ‌و ڕێکخراو پراتیك بکەن... سەرنج بدەن لە بێمافیەك کە بەکرێکاران دەکریت لەم شارەدا لە کرێکارانی شەریکەی نەتەوە بگرە تا کارگەی چیمەنتۆی لەیلان‌و شوێنەکانی دیکە، بەلام کرێکاران دیسان بەهۆی دابەشبونیان بەپێی "نەتەوە"و زاڵبوونی سیاسەت‌و فەرهەنگی نەتەوەیی بەسەر هوشیاری چینایەتی‌دا، وای لە کرێکاران کردوە کە نەتوانن پێکەوە خواستی زیادکردنی کریٚ بەرزبکەنەوە، یان پێکەوە وەك چینێك کە بەرژەوەندی‌و ئامانجێکیان هەیە بکەونە دوای جێبەجێکردنی خواستەکانی خۆیان.





کتلەی ٢٢ تەموزو بڕیاردەرانی ماددەی ٢٤ بیانەوێت یان نا لە ژێر ناوی " عێراق"ی بوندا خەریکی لەتکردنی عێراقن، کەسێك، بزوتنەوە یان حزبێك ناتوانێت لە عێراقدا ئیدعای عێراقی بوون بکات‌و بە شێوەیەکی مەلموس پراتیکی بکات، لەهەمانکاتدا پێشنیاری دابەشکردنی خەڵکی عێراق بێت لەسەر پایەی شوناسنامەی نەتەوەیی‌و تائیفی و ئایینی.

بەلام ئەم ئیدعایەی کتلەی ٢٢ی تەموز و دابەشکردنی ٣٢٪ بۆ "کورو عەرەب‌و تورکمان" پێش ئەوەی ڕوانگەو سیاسەتی ناسیونالیزمی عەرەب بێت بەشێوە بەعسیەکەی، دەرکێشراوی هێز هاوسەنگیەکی کاتییە کە لە ئێستادا هەیەو تیایدا بەشێوەیەکی مەلموس بەرژەوەندی دەوڵەتی تورکیا پارێزراوەو لەهەمانکاتیشدا بۆ "عەرەب‌و کورد"یش ڕیژەی یەکسانی داناوە. ئەم شێوە بیرکردنەوەیە پێش ئەوەی فکری بێت سیاسییەو هێز هاوسەنگی ئێستای لەبەرچاوە ئەگەر نا زۆر ڕۆشنە کە ناسیونالیزمی عەرەب" ٣٢٪" ناداتە بەرەو ئیلی تورکمانی‌و تەنانەت نایداتە ناسیونالیزمی کوردیش.

ئەوەی جێگای سەرنجە ئەوەیە کە زۆربەی ئاغایانی کتلەی ٢٢ی تەموز، تا ئێستا ڕەخنەیان هەیە لە پرۆسەی سیاسی عێراق( جگە لە ڕیکخراوی بەدرو چەند ئەندامێکی ئیئتلافی عێراقی کە ئەوانیش دەنگیان داوە) بەوەی کە پرۆسەیەکە لەسەر پایەی دابەشکردنی تائیفی دەڕواتە پێشەوەو گوایا ئەمان عەیارە ٢٤ عێراقیین. بە بەرزکردنەوەی ئالای ماددەی ٢٤ تەواوی ئیدعای ئەم هێزانە بۆ عێراقی بوون‌و پاراستنی بەرژەوندی عێراق‌و( تەنانەت لە ڕونگەی ناسیونالیزمی عێراقیشەوە) تورەهاتەکانیان لەمبارەوە کۆتایی پێهات.

کوتلەی ٢٢ی تەموزو ماددەکەیان ٢٤هەنگاوێکی زۆر کۆنەپەرستانە بوو لەسەر ڕەوتی تۆخکردنەوەو قوڵکردنەوەی کیبەرکیٚ‌و ململانیٚی نەتەوەیی، کە بەگشتی بە زەرەری خەڵکی عێراق‌و کوردستان تەواو دەبێت‌و کەرکوکیش دەخاتە بەردەم مەترسیەکی گەورەی هەڵگیرسانی شەری نەتەوەییەوە. خەڵکی ئازادیخوازی شاری کەرکوك پێویسیتان بەوە هەیە کە خۆیان جیابکەنەوە لە پێشنیارو سیاسەتە نەتەوەییەکان‌و هێزەکانی پشت سەریان. ئەمە ڕیگایەکی مومکنەو لە ڕاستیدا تاکە ریگاشە بۆ ئەوەی چارەسەری فعلی بکرێت بۆ کێشەی کەرکوك. کتلەی ٢٢ ی تەمموز پێویستە ریسوا بکرێن، ماددەی ٢٤ پێویستە تورِبدرێت.

# ڕۆژێک بۆ لاوانی جیهان، بێمافیش بەشی لاوانی کوردستان!

جەمال موحسین

ڕۆژی ١٢ ی ئاب ڕۆژی نێونەتەوەیی لاوانە. دە ساڵە و لەوەتەی نەتەوە یەکگرتووەکان ئەم ڕۆژەی بە ڕۆژی نێونەتەوەیی لاوان دانەوە هەموو ساڵێک و لە زۆرێک لە وڵاتە پێشکەوتووەکان بەو بۆنەیەوە ئاهەنگ و چالاکی کولتوری و هونەری و ئابوری و ڕێکخراوەیی و ... هتد ساز ئەدەن. بیرۆکەی گشتی لە پشت دانانی ئەم ڕۆژە جیهانیە بۆ لاوان بەشداری پێکردنیانە لە گەشەپێدانی کۆمەڵگادا و پێدانی ڕۆڵێکە بەو ئینسانانەی کە نەوەی ئایندەی بەڕێوەبردنی کۆمەڵگاکان پێک ئەهێنن، بەڵام دیارە لە چوارچێوەی هەمان پەیوەندیە ئابوری و کۆمەڵایەتی و سەرخانە سیاسیەکانی سیستمی سەرمایەداریدا. هەندێ جار کێشەکانی لە چەشنی هەژاری لە جیهان و هەندێ جار بەشداری پێکردنی لاوان لە گەشەسەندن و هەندێ جار دابینبوونی کار بە گوێرەی توانایی و هەندێ جاریش سەدا دان بە لاوان تایتڵی یادکردنەوەی ساڵانەی ئەم ڕۆژە بوون. با لە گۆشەی ئەم یادەوە بڕوانینە لاوانی کوردستان و وەزعیەتێک کە ئەوان هەیانە، با ببینن کە چ ڕۆڵێک ئەدرێ بە لاوانی کوردستان، چ بوارێکیان بۆ هێڵدراوەتەوە بۆ دەخاڵەت لە بەرەوپێشبردن و گەشەکردنی کۆمەڵگا و مەسەلەکانیدا. با ببینین کە نەک هەر سەدا نەدراوە بە لاوانی کوردستان بەڵکو پەراوێزخراون و دەنگیان لە گەروویاندا تاسێندراوە.

لاوانێک کە بە هەزار کوێرەوەری خوێندن تەواو ئەکەن کەچی بواری کاریان بۆ ناڕەخسێندرێ و بێکاری مێشکی کرۆشتوون و هەژاری و کەمدەرامەتی لە لایەک و بێئومێدی لە لایەکی ترەوە هەناسەی سوار کردوون، لە کوێ ئەتوانن بیر و خەیاڵیان لای پێشکەوتن بێ؟ چۆن بتوانن کارەکتەری گەشەپێکردنی تەکنۆلۆجیا و وەسیلەکانی بەرەوپێشبردنی کۆمەڵگا بن و داهێنان بکەن؟ چۆن نابنە نێچیری ئەفکار و بیروڕای خورافی و دینی و عەشائیری دواکەوتوو؟ لاوانێک کە ئازادی خۆشەویستی و پەیوەندی گرتنی ئازادانە و تێکەڵاوبوونیان لە دەیان قاڵبی کۆدە کۆمەڵایەتیەکاندا بەند کراوە و لێیان کراوەتە تابۆ، چ بوارێکیان بۆ سەرحاڵی و ئاسوودەیی بۆ ماوەتەوە؟ وە دەیان و دەیان نمونەی تر...

ئەم واقعیەتەی ژیانی لاوان ئەو حەقیقەتەی چەند بارە کردۆتەوە کە قڵشتێکی ئێجگار گەورە لە نێوان دەسەڵات و ئەواندا هەیە. نەک تەنها ئەوە، بگرە دەسەڵات سیماکانی دوژمنێکی ڕاستەقینەی دەمێکە لە خۆی نیشان داوە. هەر لە تەقەکردن لە خۆپیشاندانەکانی لاوانی کەلار و هەڵەبجەوە بگرە تاکو شەقهەڵدان لە خوێندکارانی زانکۆی سلێمانی، تا بەرگرتن بە کۆبوونەوە و ناڕەزایەتیەکانی لاوانی هەولێر و چەندین نمونەی تر، زەڕڕەیەک خۆشخەیاڵی لای لاوان بەرامبەر بە دەسەڵاتی قەومی عەشیرەتی کورد نەهێشتۆتەوە. لە کوردستان دەریایەک لە ئاوات و ئارەزووی لاوان ڕووبەڕووی دەسەڵاتێک لە ئاسنە. ئیتر چاوەڕوانی ئەوەی کە دەسەڵات بتوانێت و بیەوێت گۆڕانێک لە خۆی نیشان بدا وەهمێکی بێناوەڕۆکە. دەسەڵاتێک کە ژنان ناپارێزێ لە بەردەبارانکردن و کوشتنی مونەزەم، دەسەڵاتێک کە بچوکترین داوای خەڵکی لا گرنگ نییە، ئاو کارەبا و پێداویستیەکانی تری ژیانی کۆمەڵگای لە ئەجێندای خۆی وەدەرناوە، لاوانیشی لەم پەراوێزی و بێئومێدیەدا نوقم کردووە خودی دەسەڵاتەکە هیچ باوێکی نەماوە و لە ڕاستیدا لە ڕوانگەی خەڵکەوە شەرعیەتی لە دەستداوە. گەر بە شوێن داخوازیەکانی لاوانەوە بین بۆ دابینبوونی ژیانێکی پێشکەوتوو و ئاسودە و ئارام، گەر بمانەوێت خوێندنێکی مۆدێرن و باڵا و دەستڕاگەیشتن بە پێشکەوتنەکانی زانستی سەردەم جێگای سیستمی خوێندن و پەروەردەی ئێستا بگرێتەوە، وە گەر بمانەوێ لاوانی کوردستانیش وەک لاوانی وڵاتانی پێشکەوتووی دنیا لە ژیانێکی هاوچەرخ بەهرەمەند بن، ئەبێ ئەو ڕاستیە قبوڵ بکەین کە هیچ یەکێک لەوانە لەگەڵ دەسەڵاتی ئەحزابی کوردی عەشیرەتیدا نایەنەوە.

بڕیار نییە لاوان لە نێوان قەدەری ژیانێکی تاڵ و ڕەشی ژێر سایەی دەسەڵاتی ئۆلیگارشی ئەحزابی قەومی کورد و ملنان بە ڕێگای پڕ مەترسی قاچاخ و چاوەڕوانی بێهودەی ئیقامەپێدانی وڵاتانی ئەوروپادا بۆ چەند نەوەی تر بهاڕدرێن. ڕێگایەکی تر لەبەردەمدایە، ڕێگای ئیرادە نواندن و پشت بە خۆبەستن، ڕێگای خۆسازدان بۆ ڕزگارکردنی کۆمەڵگا. ئەگەر مێژووی تا ئێستای کوردستان بە کار و کردەوەی ئەحزابی ناسیۆنالیستی کورد دیاری کراوە، ئەکرێ بە دەرهێنانی کۆمەڵگا لە دەستی ئەوان مێژوویەکی تر بنەخشێنرێ. ئەڵقەی یەکەمی ئەم کارەش پێکهێنانی ڕێکخراوێکی ڕاستەقینەی لاوانە کە تەواوی لاوان بە دوور لە ئایدۆلۆژیا و لەسەر بنەمای بەرژەوەندیەکانیان لە خۆیدا ڕێکبخات. هەر ئێستا لاوانی تووڕە و یاخی لە دەسەڵات، لاوانی چالاک و ئازادیخواز خۆیان نواندووە و ئەتوانن ببنە پێشەنگی ئەم ڕێکخراوە و ئاسۆیەکی ئازادیخوازانە و پێشکەوتنخوازانەی پێ بدەن.

**١ هەڵبەتە ئەبێ ئەوە بووترێ کە ئەمڕۆژە ناوێکی تریشی هەیە کە زۆرتر دینییە (ڕۆژی لاوانی جیهان) و سەرچاوەیەکی مەسیحی کاسۆلیکی هەیە، کە بێگومان ئەمەیان جێگەی مەبەستی من نییە.**

## پاشماوەی....... پەراوێزخستنی گەنج و کاردانەوەکانی

بەشدار علی: مەگەر دەست راگەیشتن بە سەرەتاترین پێداویستیەکانی ژیان لە بابەت ئاو و کارەبا و سوتەمەنی،خەون و خەیاڵە؟! ئەی لەم سەدەی بیست و یەکەمە بەهرەمەندبوون لەمافە فەردیی و مەدەنیەکان ،ناواقعیە؟! کارکردن بەیاسایەکی پێشکەوتوو و مەدەنی و تورهەڵدانی یاسای جەنگەڵ کە رۆژانە لە کوردستان خەون و خۆزگەی سەدان گەنج بەخاك دەسپێرێ، ناواقعیە؟! بوونی کەلتوور و فەرهەنگێکی ئینسانی لە کۆمەڵگا،خەون و خەیاڵە؟! کۆتایهێنان بەگەندەڵی و دزی و راووڕووت و بەهەدەردانی سامانی خەڵك و یەکسانی و خۆشگوزەرانی،خەون و خەیاڵە؟! کۆتایهێنان بەسەرگەردانی و پلەدوویی خەڵکی کوردستان و سات و سەودانەکردن بە چارەنووسیان،ناواقعیە؟! ئەمانە داواو خواستەکانی گەنجان و لاوان و خەڵکی کوردستانە،ئایا بۆ دەسەڵات و حکومەتێك لە ئیدعای (مافی مرۆڤ و دیموکراسی و ئازادی بێ سنوور)بکات و زۆرترین ئیمکانیاتی ماددی لەبەردەستابێت، شەرمەزاریی نییە ئەو خواست و وویستانە بە خەیاڵ و ناواقعی وەسف بکات و تۆمەتبارپشمان بکات؟!

پرسیار/رۆڵی رێکخراوەکانی لاوان و گەنجان چۆن دەبینی لەبەرامبەر ئەو پەراوێزخستە و کاردانەوەکانی گەنجان؟

بەشدار علی: بەبێ هیچ زیادەرۆییەك، هەموو ئەو رێکخراو و دەستە و کۆمەڵانەی بوونیان هەیە دەستکرد و دامەزراوی حیزبە دەسەڵاتدارەکانن و شێواز و رێگایەکیشن بەدەستیانەوە بۆ مۆنۆپۆلکردنی گەنجان و لاوانی کوردستان و دەستەمۆکردنیان و بەلارێدابردنی خواست و وویستەکانیان، تەجروبەی ئەو چەند ساڵە لەبەردەستایە هیچ دەستەیەکی ١٠ کەسی نەیتوانیوە سەربەخۆ و بەبێ ئاگاداری پارتی و یەکێتی کۆبوونەوە و دانیشتنێك سازبکەن، لەبەرچاویشمانە وەکو رۆبۆتێك لەخزمەتی سیاسەت و پرۆژەکانی خۆیان و ئارایشتکردنی دەموچاویان بەکاریان دەهێنن.

## پاشماوەی ............... دواستون

بە تەقەکردن و زیندانیکردنی ئەوانەی داوای ئاو کارەباو سوتەمەنی و رێگاوبان دەکەن و دەڵێن بەسە دزی و تاڵانی و گەندەڵی و تیرۆی داهاتی کۆمەڵگا؟ لەهەموو ئەوانەش واوەتر زیاتر لە ٤ ساڵە ئەم دەسەڵاتە کوردیە، خەریکی چنینی نەخشەی گێرانەوەی کوردستانە بۆ ژێرسایەی دەسەڵاتێکی عروبی و ئیسلامی. بەو هەموو موسیبەتەی دەسەڵاتی خۆی رازی نییە کە بەسەر سەری خەڵکی هێناوە، خەریکە جارێکی تر چارەنووسی سیاسی خەڵکی کوردستان و دەخاتەوە بەردەم دەسەڵاتێکی ڕەشی تری عروبی و ئیسلامییەوە؟

خەڵکی کوردستان، بەنەچوونیان بۆ خۆتۆمارکردن لە بنکەکانی کۆمیسۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان، پەیامی خۆیان رادەگەیەنن، پەیامی ئیتر بەسە، نە وادەو بەڵێنتان، نە سیاسەت و کارکردو کارنامەتان، نە رێگای چارەی سبەینێتان... هیچی پەیوەندی بە ئێمەوە نییە. بانگەوازێکە بۆ دەسەڵات تا دەست لەیەخەیان بکاتەوە.

خەڵکی کوردستان هاوکات لەگەڵ نەچونیان بۆ بنکەکانی دەنگدان، پێویستە وریابن و فریوی بانگەشە و هەڕەشەی دەرەکی نەخۆن. ڕاستە هەڕەشەی دەرەکی لەسەر خەڵکی کوردستان هەیە، بەڵام ئەمە هەڕەشەی ئەو هێزو لایەنانەیە کە هەر ئەم یەکێتی و پارتییە بە دۆست و هاوپەیمان و خەڵکی کوردستانیان دەناساندن، بۆیە خەڵکی کوردستان دەبێ لە ڕیزی سەربەخۆی خۆیاندا و دژی هەڕەشەی دەرەکی و ئەو هێزانە بوەستنەوە، بەشداری نەکردن لە هەڵبژاردنەکان و گوێنەدان بەوادەو بەڵێنی حزبەکانی بزوتنەوەی کوردایەتی و کۆبونەوە وخۆرێکخستن لەدەوری سیاسەت و رێگاچارەی سەربەخۆیی کوردستان و پێکهێنانی وڵاتێکی سەربەخۆی عەلمانی و غەیرە قەومی ئەو رێگاچارە کارسازو تەندروستەیە، کە دەتوانێت باسی هەڵبژاردن و موئەسەسات و پێکهاتە یاسایەکان تیایدا مانای هەبێت. بۆیە خەڵکی کوردستان پێویستە دروشمی "نا" بۆ هەڵبژاردنەکان، "نا" بۆ لکاندنەوەی کوردستان بە عێراقی عروبی ئیسلامیەوە، بەڵێ بۆ سەربەخۆی هەرێمی کوردستان، بەرزبکەنەوە.

١٤-٨-٢٠٠٨

## ئەگەر ووتار یان هەر بابەتێکت بۆ (ئۆکتۆبەر) نووسی ڕەچاوی ئەم خاڵانەی خوارەوە بکە

١-نووسینەکانتان بە شێوەی چاپکراو بنێرن، ئەگەر ئەمەتان بۆ ئیمکان نەبوو ئەوە بەخەتێکی جوان و تەنها لەیەك دیوی وەرەقەی خەتداردا کەبتوانری بخوێنرێتەوە بنێرن، دێر بپەڕێنن و کوژانەوەی تیانەبێت.

٢-فاریزە، نوقتە، نیشانەی پرسیار و سەرسورمان، کەوان بەهەموو شێوەکانیەوە، لەشوێنی خۆی دابنێن.

٣- ئۆکتۆبەر هیچ ووتاریك بلاوناکاتەوە، کە پیشتر بلاوبووبیتەوە

٤- ئۆکتۆبەر ئازادە لە کورتکردنەوەی ئەو ووتارو نوسینانەی بۆی دێت، ئەگەر نەتان ویست دەستکاری نووسینەکانتان بکرێت، ئاگادارمان بکەن. نوسخەی نێردراو بۆخاوەنەکەی ناگێردرێتەوە.

٥-درێژی هەر ووتارو بابەتێك نابێت لە ٢/٣ لاپەرەیەك زیاتر بێت، هەوەها ئەولەویەت بۆ ووتاری کورتە.

٦-ئیمزا و بەروار لە نوسینەکانتان بدەن، ئەگەر نەتان ویست ئیمزاکانتان بلاوبێتەوە، ئاگادارمان بکەن.

٧- ئۆکتۆبەر ئەو ووتارو بابەتانە بلاودەکاتەوە، کە لەگەڵ سیاسەتی گشتی حزبدا دێتەوە.

October

سەرنوسەر: عبداللە محمود          بەڕێوەبەری نوسین: شوكاك عبدالستار

دەستەی نوسەران: ئاسۆ كەمال، بەشدار علی، بنار مستەفا، محمد غفور، ڕەمەزان سابیر، سامان كریم، سەعید ئەحمەد، شەماڵ عەلی، محسن كەریم، جمال محسن

بۆناردنی بابەتو پەیوەندی:
Www.hkkurdistan.com
Email:octobet_917@yahoo.com, shukaks@yahoo.co.uk

No.(10) 15th Aug.2008

ژمارە(١٠) ١٥ی ئابی ٢٠٠٨

# لە سلێمانی "نەقیزە" یەكیتر

ئێوارەی ڕۆژی ٢٠٠٨/٨/٦ل گەلەری موزەخانەی سلیمانی ،گروپی كاریكاتیر و كارتونی سیاسی نەقیزە دووهەمین پیشانگای هاوبەشی كاریكاتیرو كارتونی سیاسیی بە ناوی " نەقیزەی ٢" بو هونەرمەندانی كاریكاتیریست پەروەر كەركوكی و سەردار عبداللە، كردەوە. پیشانگاكە لە لایەن " لەتیف محەمەد دەرویش" ەوە كرایەوە كە برای هاوریی گانبەختكردوو " نەجات محەمەد دەرویش" ەكە لە ١٩٨٧/٤/٢٨دا لە سەیتەرەی كەركوك-سلیمانی دەستگیر كراوەو پاش دوو ڕوژ لە "هەیئەی كەركوك" ئیعدام كراوە.

پیشانگاكە تابلوی لەخوگرتبوو كە بوارو لایەنە جوراوجورەكانی ژیانی خەلكی كوردستان و ڕووداوو دیاردە سیاسی و كومەلایەتیەكانیان تیادا درابووە بەر ڕەخنەی گالتەجاری.

ئەم پیشانگایە ٣ ڕوژی خایاند و ژمارەیەكی بەرچاو تە بینەران و كاریكاتیردوستان ئامادەی بوون و دەستخوشیان لە هەردوو هونەرمەند كرد. شایانی وتنە كە "گروپی نەقیزە" لە مانگی مارتی ئەمسالیشدا و لە هەمان گەلەری پیشانگای هاوبەشی كاریكاتیرو كارتونی سیاسی "نەقیزە"ی كردەوە.



## شەڕ

**سیروان ئەمین**

ئەوڕۆ دەنگۆی هەواڵەكان
بەیانی شەڕییان ڕاگەیاند
هەموو شاشەی تیڤیەكان
وێنەی تانك و فڕۆكەیان پێ پیشاندایِن
من دەپرسم
دەبێ چەند كەس خۆشەویستیان لە دەست دابێ لەو شەڕەدا؟
دەبێ چەند گوڵ هەڵوەریبن لەوە بەرەدا؟
دەبێ چەند پیاو
ژنەكانیان تا هەتایە جێهێلابێ؟
دەبێ چەند كۆرپەی بێ تاوان
هەرگیز چاوییان بە چاوی باوكیان نەكەوێ؟
ئاخۆ سبەی
كە ماشێنی شەڕ ڕاوەستا؟
سەركردەكان ویژدانی نوستوویان هەستا
وەزیرەكانی دەرەوە
دەمی یەكتریان ڕاموسی
بۆ ڕوبارێک فرمێسک و خوێن، سەدان ڕۆحی بێ سەروشوێن
كێ بناسێن؟

# كۆڕێک لەسەرهەلومەرجی ئێستای كوردستان و مادەی ١٤٠

كوردستان بەدوای ١٨ ساڵدا بەهەلومەرجێكدا تێدەپەڕێت، پێویستی بە ڕێگاچارەیەكی تر هەیە تا كۆمەڵگا لەبێئاسۆیی و بێچارەنوسی دەركێشێ، مادەی ١٤٠ نەیتوانی و ناتوانێ وەڵامدەرەوەی كێشەی كركوک بێت، لەم ڕووەوە حزبی كۆمۆنیستی كرێكاریی كوردستان، نوێنەرایەتی كەنەدا كۆڕێک بۆ نوری بەشیر — ئەندامی كۆمیتەی دەرەوەی وڵاتی حزبی كۆمۆنیستی كرێكاریی كوردستان، لە شاری هامڵتن سازدەكات.

كۆڕەكە ئەم تەورانە دەگرێتەخۆی و كێشەكانی كەركوک باس دەكات:

بۆچی ڕێگاچارەیەكی تر زەرووره؟

ئایا فیدرالیزم چارەنووسی كوردستان لە عێراقدا بەرەو كوێ دەبات؟

بۆچی حزبە دەسەڵاتدارەكان ڕێگاچارەی سەربەخۆیی كوردستان ناگرنەبەر؟

دەوری ئەمریكا و توركیا و ئێران لەسەر چارەنووسی كوردستان چی یە.

مادەی ١٤٠ و كێشەی كەركوک لە نێوان چاوەڕوانی و بنبەستدا.

بۆچی ئازادی ڕۆژنامەگەری نادرێت.

راكێشانی پشتیوانی نێونەتەوەیی بۆ سەربەخۆیی كوردستان.

كات : ڕۆژی یەكشەممە ٢٠٠٨\\١٧

كاتژمێر ٣ تا ٦ ی ئێوارە

شوێن : شاری هامڵتن

Rymal RD East room 76 (595) 1005
Hamilton

For more information call:
(905) 318-5626, (905) 973-1029

**بەشداری بۆ هەمووانە**

بۆ زانیاریی زیاتر تكایە پەیوەندیی بكەن بەم ژمارە تەلەفونەوە:

(905) 1029-973 905-318-5626

سایتی حزبی كۆمۆنیستی كرێكاریی كوردستان
www.hkkurdistan.org

# بەكر ئەحمەد سەبارەت بە مەسەلەی گەنجان

**ئایا چی دەڵێت دەربارەی ئەم دوو وشەیە، (گەنجی ناو حزب) و (گەنجی دەرەوەی حزب). ئایا شتێک هەیە بەم ناوەوە، ئەگەر هەیە، چ جیاوازییەک لە نێوانیاندایە؟**

بە بڕوای من پۆلێنكردنی ئینسان لەسەر ئینتیمای بۆ ئەم گروپ و ئەو حزب، دانی ئیمتیازێكی زیاتر بەم یان بەویان و بێبەهرەمەندكردنی ئەوی دی لە ئیمتیازێكی دی، هەڵاواردنێكی ڕووتە. ئینسانەكان لە كۆمەڵگادا ئازادن چ ئینتیمایەكی سیاسی هەڵدەبژێرن تە نانەت هەرە پیسترین ئینتیما حزبییەكانیش بێت. چۆن پیاوان و گەورەساڵانی دی بۆیان هەیە سەر بەم گروپ یان بەو گروپی سیاسی جیاواز بن، گەنجانیش بە هەمان شێوە. ئەو دیدەی لە پشت ئەم ڕەش و سپیكرنەی ئینتیمای حزبییەوە كاردەكات، میكانیزمەكانی ئاڵوگۆڕی كۆمەڵگا ناناسێت و پێیوایە ئاڵوگۆڕە گەورەكان، خود بە خود هاتوونەتە پێش و كاریگەری خۆڕێكخراوبوون بە سفر وەردەگرێت. بەڵام تۆ چی لە ژیانی كۆمەڵگایەک دەكەیت كە بۆ پەیداكردنی نانی ژیان، دەبێ بڵێی بژی فلانە كەس و بمرێ ئەوی دی. بەعس میراتێكی تەحەزوبی لەم جۆرە لە كۆمەڵگای ئێمەدا دروستدەكات و دەسەڵاتی كوردی و ئیسلامی كوردیش هەمان شت كۆپیدەكاتەوە. ئاخر دەستەواژەی " فلانە كەس حەبە سەوزەكەی قووتداوە" هێشتا لە گوێچكەی خەڵكی كوردستاندا دەزرنگێتەوە. ئەوەی لێرەدا دەبێ جێگای ڕەخنە بێت، ئینتیمای حزبی ئەم تاكانەی كۆمەڵگا نییە بۆ ئەم یان ئەو گروپ، بەڵكو میكانیزمی بە گرتنی ژیان و چارەنووسی هەزارەها ئینسانە وەک كۆیلەیەک كە بۆ هێشتنەوەی بژێوی خۆی دەبێ سەربە كونی ئەم حزبانەدا بكات. من ئەگەر گەنجانی ناو حزبی كەلار بتوانن باشترین پێداویستییەكانی گەنجان و لاوانی ئەو ناوچەیە فەراهام بكەن و هەزاران گەنج لە سایەیدا مۆمارەسەی گەنجێتی خۆیان بكەم، دەڵێم دەستان خۆش. كاتێک ئینتیمای حزبی لەو شێوازەی سەرەوە گۆڕدرا بە ئینتیمایەكئ بێ قەیدو شەرت و چارەنووسی بژێوی ئینسانی پێوە بەندنەكرا، دەڵێم تەحەزوب بوون و خۆڕێكخستن، هەنگاوی سەرەتایی هەر ئاڵوگۆڕێكە كە ئینسان لە كۆمەڵگادا دەبێ دستی بۆ بردبێ. خاڵێكی گرنگ كە دەمەوێ ئاماژەی پێبدەم لەسەر ئەم مۆدیلی كاركردنە حزبییەی دەسەڵاتی كوردی، ئەوەیە كە هەموو كۆششێكی ئامانجدارانە بۆ خۆڕێكخستن و تەحەزوببەخۆدان ناشیرین دەكات و خەڵكی لێدەتەكێنێتەوە. ئەم دیدە لە كوردستاندا و لە ناو جەماوەرێكی بەرینی خەڵكیدا ، بە تایبەت وەک كاردانەوەیەكی سروشتی خەڵک بەرانبەر دەسەڵات ڕۆژ بە ڕۆژ لە بەرینبوونەوەدایە و تاكە قازانجكەرێكی باشی ئەم دۆخە، خودی دەسەڵاتی سیاسییە. واتا دەسەڵاتی كوردی لە پەیڕەوكردنی ئەم مۆدێلەی تەحەزووبدا، تاكە قازانجكەرێكی گەورەیە و هاوكاتیش پرۆسەی ئینتیمای ئینسانەكان بۆ حزبی سیاسی لەبەر چاوی جەماوەرێكی بەرین، هێندەی تر ناشیرین دەكات.

**تێبینی: لەكر ئەحمەد لەوەڵام بە پرسیارەكانی ڕۆژنامەنوس سامان كەریم لەگەڵ ب سەبارەت بەدۆزی گەنجان، كە لەسایتی هاوپشتی وەرگیراوە.**

## كاریكاتێر




## دواستوون

# نا بۆ هەڵبژاردنەكان بەڵی بۆ سەربەخۆیی

**عبداللە مەحمود**
abdulla.mahmud@gmail.com

تەنها چەند ڕۆژێكی كەم ماوە، كەچی خەڵكی كوردستان مەیلیان بە چوون بۆ بنكەكانی كۆمۆیسۆنی باڵای هەڵبژاردنەكان بەمەبەستی خۆ تۆماركردن، نییە.

نەچونی خەڵكی كوردستان بۆخۆ ناونووسكردن لە بنكەكانی باڵای كۆمیسیۆنی هەڵبژاردنەكان تا بتوانن لە هەڵبژاردنی داهاتوودا بەشدار دەنگدان بكەن، نیگەرانییەكی زۆری لای حزبەكانی كوردستان لەوانەش هەردوو حزبی باڵادەست دروستكردووە. بۆیە بۆ ئەو ماوە كەمەی كە ماوە كەوتونەتە خۆ تا بتوانن خەڵك ڕاپێچی بنكەكانی كۆمیسۆنی هەڵبژاردنەكان بكەن.

نەچونی خەڵك بۆ بنكەكان بۆ خۆتۆماركردن، ئاماژەدانە بەچەند دەلالەتێك، كە پێویستە هەڵوێستەی لەبارەوە بكرێت. ئەگەر لەوە بگوزەرێین كە هەڵبژاردن لە عێراق و كوردستان چ مەغزایەكی هەیە و چ كاریكاتۆریكەو چ درۆیەكی دیموكراسی میلیشیاكانە، وە ئەمە بەفەرز وەربگرین كە هەڵبژاردنێك دەكرێت و پرۆسەیەكی دیموكراسی بەڕێوەیە، ئەوكاتە دەبێ بپرسین بۆچی خەڵك لە ئێستاوە نیشانی ئەدەن كەنایانەوی بەشداری هەڵبژاردنەكان بكەن. نەچونی خەڵك بۆ خۆتۆماركردن یانی ئامادەنەبوون بۆ بەشداری لە هەڵبژاردنەكانی داهاتوودا.

خەڵكی كوردستان، كە چەندین پرۆسەی بە ناو هەڵبژاردنیان بینیووە، كاریكاتۆری بوونی هەڵبژاردنەكان و ئەنجومەنی نیشتمانی!! كوردستان و عێراقیان لەبەرچاوە. هەڵبژاردنی سەرۆك كۆمارو سەرۆكی كوردستان و هەڵبژاردنی شارەوانیەكان و دەنگدانی هەموو ڕۆژەی ئەندامانی ئەنجومەنیان لەسەر برگەو یاسای هەمەچەشنە بینیووە. ئەوەی كە وەكو ڕۆژی ڕۆشن بۆیان ڕۆشن بووە، درۆی دیموكراسی و گاڵتەجاری بووە. بۆ هەموو خەڵك دیار بووە نەك لە عێراقی داروخاوەوە بۆ بنیات نانەوە، بەڵكو لە كوردستانیش كە ١٨ ساڵە هەرێمێكی جیاو تارادەیەك لە باری ئەمنیەوە ئارام بووە، هەمیشە هەڵبژاردنەكان و پرۆسەی بەناو دیموكراسی، هەڵبژاردن و....تاد، لە سەری ڕەش و هاوینەهەواری دوكان بەپێی تەوازنی هێز، و بەتونێلی ڕێكەوتنامەی سەرۆكەكاندا گوزەری كردووە. تا ئەم ساتە وەختەش حكومەت و پەرلەمان، موچەخۆری حزبن. تا ئەم ساتە وەختەش نەك لە ڕێگای هەڵبژاردنەوە تەنانەت بە ڕێكەوتنیش نەیانتوانیوە دووئیدارەی ناو هەرێمێك كەخۆیان وەك و شوتی لە ناوەڕاستەوە بەچەقۆی شەڕی دەسەڵات لە یەكیان دابڕیوە، ڕیك بخەنەوە. وەزارەتی! ناوخۆ، پێشمەرگە، دارایی، .... تا ئێستا لێك جیان. هەڵبژاردنەكان و تەنانەت ڕێكەوتننامەكانیشیان لەسەر مەسەلە گرنگەكان لای خودی یەكێتی و پارتی بایی پولێكی قەڵب ڕێزیان لێنەگیراوە. ئیتر باسی كام پرۆسەی دیموكراسی و هەڵبژاردن.

هەروەها، دەسەڵاتێك لە تەمەنی ١٨ ساڵەی خۆیدا، بەو تونایە لە ئیمكانیات كە لەبەردەستی بووەو بەو هەموو داهاتەی خەڵك كە یەكێتی و پارتی قۆرغیان كردووە، ئاوی خواردنەوەیان بۆ خەڵك دابین نەكردبێت، خەڵك لە تاریكستاندا بژین و لە ٢٤سەعاتداچەند سەعاتێك كارەبای ڕێك و پێكیان نەبێت، خەڵك موحتاجی سەرەتاییترین خزمەتگوزاریەكان بێت. دەسەڵات و ژمارەیەكی كەم لەسەرمایەدارانی سەر بەحزب هەموو داهات و ئیمكاناتی كۆمەڵگایان فەرهود كردبێت وزوربەی هەرەزۆری خەڵكیش برسی و هەژارو نەخۆش و بێكار بن، و گرانی بازار دەستی نابێتە بینەقاقای خەڵك و مواد و خواراك و دەرمانی ئێكسپایەریان پێ بفرۆشرێت، دەبێ چ دڵێكیان بە دەسەڵات و وادەو بەڵێنە بەدرۆ دارێژراوەكانیان خۆش بێت و جارێكی تر بچنەوە بەردەم سندوقەكانی دەنگدان.

ژنانێك كە ڕۆژنە قەسابی دەكرێن ولە سەرەتاییترین ماف و حورمەتی ئینسانی بێبەش بن، لاوانێك كە ئایندەیان كرابێتە قوربانی چاوچنۆكی دەسەڵات و لەهەموو ماف و پێداویستیەكی لاوی بێبەش بن، گەورەكان كە تەمەنێك خزمەتی كۆمەڵگایان كردووە فرێدرابنە كەنار كۆمەڵگا.... دەبێ دڵی چیان بە هەڵبژاردن خۆش بێت.

خەڵكی كوردستان دڵی بەچی ئەم دەسەڵاتەی ئێستا خۆش بێت، بە كوشتنی ڕۆژنامەنووسەكانی، بە سەربڕینی ئازادیە سیاسیەكانی، بە ژێر پێخستنی سەرەتاییترین مافە فەردی و مەدەنیەكانیان،

بۆ ل٧

## سپانسۆر

لە چوارچێوەی ئەو هاوڕێ و دۆست و ئازیزانەی خوازیاری بوون بە سپانسۆر" هاوكار" ی هەمیشەیی ئۆكتۆبەرن، (كامەران ئازاد) مانگانە بەبڕی ٣٠ دۆلای ئوسترالی هاوكاری ئۆكتۆبەر ئەكات. ئێمە لای خۆمانەوە سوپاسی دەكەین،

هەروەها ژمارەیەك سپانسۆری ئۆكتۆبەر لەڕانیە بڕی ٢٠٠دۆلاریان بەدەستمان گەیشت، زۆر سوپاسیان ئەكەین ئەمە جگە لە هەریەك لە:

- قاسم عەلی ١٠$
- عامر سابیر ٢٠$
- پەیمان قادر ١٠$.

بەسوپاسەوە مانگانە بڕە سپانسۆریەكەیان بەدەستمان ئەگات.

هیوادارین هاوڕێیان و دۆستان و خوێنەرانی ئازیزی ئۆكتۆبەر لەهەر شوێن و جێگایەك هەن، ببنە هاوكاری هەمیشەیی ئۆكتۆبەر.

ئێمە لە ئایندەیەكی نزیكدا ناوی هەموو سپانسۆر" هاوكار" ەكانی ئۆكتۆبەر لەگەڵ بڕی كۆمەكانیان بڵاودەكەینەوە.

ئۆكتۆبەر